# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣١٦)   ساڵی بیست وچوار   ٢٢ شوبات ٢٠٢٤زاینیی   ٣ ڕەشەمێ ٢٧٢٣ کوردی   ١٢ شەعبان ١٤٤٥ کۆچی

# 316



**بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١

تایبەت بە پەسندکردنی (ڕێکخستنەوەی بنەماکانی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێبەجێکردنی کۆدی بیناسازی) لە هەرێمی کوردستان .

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ٢

ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی بنەماکانی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێبەجێکردنی کۆدی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١٦) السنة رابعة وعشرون ٢٢ شباط ٢٠٢٤ م. ٣ رەشەمێ ٢٧٢٣ ك. ١٢ شعبان ١٤٤٥ هـ.

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

316

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| قرار رقم (٢٢٠) لسنة ٢٠٢٣ رئاسة مجلس الوزراء | ١ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة البلديات و السياحة | ٢ |

No. 316 Date: February 22, 2024 - Vol.: 24

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٩٨٠٨ لە ٢٠٢٣/٨/٧**

## بڕیاری

## ژمارە (٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٧) لە ٢٠٢٠/٥/١٣، و لە سەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ، و ئاماژە بەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١١) لە ٢٠٢٣/٦/٧ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

١- پەسندکردنی (رێکخستنەوەی بنەماکانی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێبەجێکردنی کۆدی بیناسازی) لە هەرێمی کوردستان .

٢- ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە هاوکار وهەماهەنگی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایی نوێی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و کۆدی بیناسازی لە هەرێم ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە .

٣- وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و وێنەیەکی بنەمای پرۆسەی نوێی ڕێپێدانی بینا و کۆدی بیناسازیی هاتوو لەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**
**ژمارە: ٧٨ لە ٢٠٢٤/٢/٨**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی کە پێمان دراوە و بەپێی ماددەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو ، وە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢٠) لە ٢٠٢٣/٦/٧ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی بنەماکانی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێبەجێکردنی کۆدی بیناسازی**

## بەشی یەکەم: ڕێنمایی ڕێپێدانی پلانسازی و ڕێپێدانی بینا

**ماددەی (١):**

**یەکەم: پێناسەکان: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو واتایانەیە کە لە بەرامبەریاندا هاتووە:**

١- **وەزیر**: وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
٢- **وەزارەت**: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
٣- **بۆردی ڕێپێدانی پلانسازی**: بۆردی تایبەتمەندە کە پێك دێت لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و بە ئەزموونی بواری پلانسازی ئاوەدانی لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پەیوەندیدار لە هەر پارێزگایەك یان ئیدارەیەکی سەربەخۆ. ئەرکی ئەم بۆردە پێدانی (ڕێپێدانی پلانسازی)یە بەو پرۆژانەی لە بڕگەی سێیەمی ماددەی دووەم ئاماژەیان پێکراوە. پێوەری دامەزراندن و ئەرك و چالاکی ئەم بۆردە و ئەندامەکانی لە لایەن لیژنەی ڕێکخستنەوەی سیستەمی پلانسازی لە وەزارەتمان دیاری دەکرێت بە ڕەزامەندی وەزیر.
٤- **نەخشەی کەرتی**: ئەو نەخشە هێڵکاریەیە کە بەکارهێنانە جیاوازەکانی پارچە زەویەکان و تۆڕەکانی ڕێگا و شەقامەکا( سەرەکی و لاوەکی )و شوێنی خزمەتگوزاریە جیاوازەکان دیاری دەکات و پێکدێت لەچەند نەخشەیەک بە شێوەی لەسەر یەک ( layers) کە زانیاری جیاواز لە خۆ دەگرێت و هەموو بەرزەفتە (محددات) پلانسازی و نەخشەسازییەکانی بەکارهێنانی زەوی و بیناکردن و شەقامەکان ڕوون دەکاتەوە بۆ مەبەستی ڕێکخستنەوەی کارەکانی ئامادەکردن و هەموارکردنەوە و پەرەپێدانی نەخشەی کەرتی .
٥- **بینا(Building)**: هەر دروستکراوێك دەگرێتەوە کە بەکاردەهێنرێت یان نیاز وایە بەکاربهێنرێت بۆ لەخۆگرتنی یان پاڵپشتی کردنی بەکارهێنانێك. دەکرێتە چەند جۆرێکەوە (کاری هەڵکۆڵینی بناغە، دروستکردنی دیوارو میچ، ڕووپۆش کردنی زەوی بەکەرستەکانی بینا وەك کاشی، ڕووپۆشکردنی دیوارەکان لە دیوی ناوەوەی بینا، ڕووپۆشکردنی دیوارەکانی رووکەشی بینا (Facade) لە ڕووی دەرەوە،بۆیەکردن، دروستکردنی دینگە یان پایە (Column)، دروستکردنی بیم (Beam)، دروستکردنی کەپر (Canopy).
٦- **ڕووبەری نهۆم (Floor Area)**: ئەو ڕووبەرەیە لە نهۆمێك کە دەورەدراوە بە دیوارەکانی بینا، کە جیایی دەکاتەوە لە دەرەوە. دیوارەکانیش هەژماردەکرێت لەگەڵ ڕووبەری بینا هەروەها ئەو ڕووبەرانەش دەگرێتەوە کە داپۆشراون بە میچ (سقف) یان نهۆمیان دەکەوێتە سەر.
٧- **ڕووبەری بینا (Building Area)**: بریتیە لە کۆکراوەی ڕووبەری سەرجەم نهۆمەکانی بینا.

٨- **هێڵی بینا(Building Line):** ئەو هێڵەیە کە بە یاسا یان ڕێنمایی دیاریکراوە لە دوای دیاریکردنی بڕی کشانەوە لە ڕووی شەقام، کە نابێت هیچ بەشێکی بینا لەم هێڵە تێپەڕ بکات. واتە دەبێتە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان ئەو بەشەی کە دەکرێت بینای لە سەر بکرێت و ئەو بەشەی کە بەهیچ شێوەیەك نابێت هیچ شێوە بینایەکی لەسەر بکرێت لە ناو سنووری پارچە زەویەکە. بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

٩- **کشانەوە، یان چوونەدواوە (Setback):** کەمترین دووریە لە نێوان سنووری پارچە زەوی و هێڵی بینا. بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

١٠- **ڕێژەی بینا (Plot Coverage):** بریتییە لە ڕێژەی ڕووبەری داپۆشراو لە پارچە زەویەکە بە بینا. بە ڕێژەی سەدی دەپێورێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

**وێنەی ژمارە (١) کشانەوە، هێڵی بینا، ڕێژەی بینا**




١١- **پارچە زەوی (Plot):** بریتی یە لە ڕووبەرێکی دیاریکراوی زەوی و وێنەی تۆماری سەربەخۆی هەیە و دووری لایەکان و خاوەندارێتی و بەکارهێنانی بۆ دیاریکراوە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

١٢- **هێڵی پارچە زەوی (سنووری پارچە زەوی) (Plot Line):** پارچە زەویەك دیاریدەکات و جودای دەکاتەوە لە دەوروبەری. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

١٣- **ڕووی پارچە زەوی (Frontage):** ئەو سنوورەیە لە پارچە زەویەکە کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر شەقام ( واتە هێڵی جیاکەرەوەی پارچە زەویەکە لە شەقام. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

**وێنەی ژمارە (٢) پارچە زەوی ، هێڵی پارچە زەوی ، ڕووبەری پارچە زەوی، و قوڵایی پارچە زەوی**



١٤-**قوڵایی پارچە زەوی (Plot Depth):** ئەو هێڵەیە لە پارچە زەویەك کە درێژی (قوڵایی) پارچە زەویەکە لە شەقامەوە دەردەخات. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

١٥-**نهۆم (Storey):** ئەو بەشەی بینایە کە دەکەوێتە نێوان سەر زەویەك (أرضية) تاکو ڕووی سەرەوەی میچێك. وە یان دەکەوێتە نێوان دوو میچ بەدوای یەك لە بیناکە، واتە لە ڕووی سەرەوەی میچێك بۆ ڕووی سەرەوەی ئەو میچەی کە لە دوای دێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (٣).

١٦-**نهۆمی ژێرزەمین (Basement):** نهۆمێکە کە بەشـێکی یان بە تەواوی دەکەوێتە ژێر ئاسـتی شـۆسـتە (Curb).بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

١٧-**نهۆمی سـەرزەمین (Ground Floor):** یەکەم نهۆمە کە ئاسـتەکەی هەمان ئاسـتی شـۆسـتەیە (Curb) یان بەرزتر دەبێت. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

١٨-**نهۆمی دووبارە (Typical Floor):** ئەو نهۆمەیە کە نەخشــە و پێکهاتەکەی هاوشـێوەی نهۆمێك یان چەند نهۆمێك پێش یان پاش خۆی دەبێت و دەکەوێتە سەرووی نهۆمی سەر زەمین. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

١٩-**بەرزی بینا(Building Height):** بریتی یە لە دووری سـتوونی لە نێوان بەرزترین خاڵ لە بینا بۆ ئاسـتی شۆستە (Curb)، یان بریتی یە لە دووری ستوونی لە ئاستی شۆستە بۆ بەرزترین خاڵ لە بینا. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

٢٠-**بەرزی نهۆم (Floor Height):** ئەو دووریەیە کە لە ئاسـتی سـەرەوەی زەوی نهۆمێك ئەژمار دەکرێت تا ئاستی سەرەوەی زەوی نهۆمێك سەرووتر، هەموو نهۆمەکان بە هەمان پێوەر بەرزییەکانیان دیاری دەکرێت جگە لە نهۆمی زەوی ، بەرزی نهۆمی زەوی لە ئاستی بەردی شۆستە (Curb) تا نزمترین خاڵ لە میچ یان بیم (Beam) لە نهۆمی زەوی دەگرێتەوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

٢١-**ئا ستی نهۆم (Floor Level):** دووری ستوونی نێوان ڕووی سەرەوەی زەوی (أر ضية)ی نهۆم پاش پۆ شین (Finishing) بۆ ئاستی بەردی شۆستە (Curb).( بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

٢٢- **ئاسـتی پێوانەی بەرزی بینا (Grade Plane):** بریتی یە لە بەرزترین خاڵی شـۆسـتە کە دەکەوێتە پێش بیناکە و بەرزی بیناکەی لەسەر پێوانە دەکرێت. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٣)

**وێنەی ژمارە (٣) ڕوونکردنەوەی ئاستی نهۆمەکان و بەرزی بینا و ئاستی پێوانەی بەرزی بینا**



٢٣- **نیوە نهۆم یان نهۆمی ناوەند (Mezzanine Floor)**: ئەو بەشە نهۆمەیە کە ئاستی دەکەوێتە نێوان ئاستی زەوی (ارضـیە) و میچی نهۆمێك و بەسـتوونی دابەشـی دەکات و لە بەرزی بینا بەنهۆم ئەژمار ناکرێت، بەڵام ڕووبەری ئەژمار دەکرێت و دەخرێتە سـەر ڕووبەری نهۆمی سـەرەکی کە دابەشـی کردووە. بەرزی تەواوی ماوە (صافی) لە ژێر و لەسەر نهۆمی ناوەند نابێت کەمتر بێت لە (٢،١٥م). (بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)

٢٤- **پلیکانە یان قادرمە (Stair)**: پێکهاتەیەکی بینایە کە بەکاردێت بۆ هاتووچۆکردنی بەکارهێنەرانی بینا لە ئاسـتێکی بەرزی بینا بۆ ئاسـتێکی تر (نهۆمیك بۆ نهۆمیکی تر) و پێك دێت لە پلەیەك (Riser) یان زیاتر. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)

٢٥- **ڕووی لێژ (Ramp)**: ئەو ڕووەیە کە بەکاردێت بۆ هاتووچۆکردنی بەکارهێنەرانی بینا لە دوو ئاسـتی جیاوازی بەرزی لە بینا (نهۆمێك بۆ نهۆمێکی تر) و لێژی هەیە (پلەی تێدانیە) لاریەکەی زیاترە لە (٥%)٠

٢٦- **بەیتونە (هەورەبان) (Stairwell)**: ئەو بەشـەی بینایە کە لە کۆتا نهۆمی بینا پلیکانە یان بەرزکەرەوە لە خۆ دەگرێت و دای دەپۆشێت. لە ڕێیەوە لەپلیکانە دەردەچیت بۆ سەربانی بینا.( بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)

٢٧- **بەربان / باڵکۆنی (Balcony)**: بە شێکی بینایە لە نهۆم (جگە لە نهۆمی ژێرزەمین ونهۆمی سەر زەمین) کە دەکەوێتە دیوی دەرەوەی بیناو لکاوە بە دیواری (دەرەوەی) بیناو شورەی هەیە، دەکرێت دانەپۆشراو بێت و کراوە بێت بە ڕووی ئاسمان و یان داپۆشراو بێت. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٤).

**وێنەی ژمارە (٤) ڕوونکردنەوەی نیوە نهۆم ، پلیکانە ، هەورەبان و بەربان**




٢٨- **داڵان (Corridor)**: ئەو بەشـــەیە لە بینا کە ڕێرەوە، بەکارهێنەرانی پێیا هاتووچۆی ئاســۆیی لە نێوان پێکهاتەکانی نهۆمێك دەکەن و پێکەوەیان دەبەستێت. کەمترین پانی ڕێگە پێدراو و زۆرترین درێژی ڕێگە پێدراوی داڵان دیاریدەکرێت بەپێی جۆر و بەکارهێنان و تایبەتمەندی و قەبارەی بەکارهێنەران لە بینا.

٢٩- **هێڵ یان تەختە ڕووی کشانەوە(Setback Line or Plane)**: ئەگەر برگەی ستوونی لەباری پانی شـەقام وەربگیرێت دەبێتە ئەو هێڵەی (یان ئەو تەختە ڕووەی) کە نابێت بینا تێپەڕی بکات لە هیچ یەك لە نهۆمەکان.( بڕوانە وێنەی ژمارە (٥)٠

**وێنەی ژمارە (٥) ڕوونکردنەوەی هێڵ یان تەختە ڕووی کشانەوە**




-٣٠ **ڕێژەی بینای نهۆم (Floor Area Ratio):** بریتی یە لە کۆی گشتی ڕووبەری بینای سەرجەم نهۆمەکانی دابەشکراو بەسەر کۆی گشتی ڕووبەری پارچە زەویەکە بەپێی وێنەی تۆمار.

$$\text{ڕێژەی بینای نهۆم FAR} = \frac{\text{کۆکراوەی ڕووبەری بینای سەرجەم نهۆمەکان}}{\text{ڕووبەری پارچە زەوی بەپێی وێنەی تۆمار}}$$

-٣١ **ڕێژەی کراوەی ڕووبەر (Open Percentage):** لە هەر نهۆمێك ئەو ڕێژەیەیە کە لە ئەنجامی دابەشکردنی ڕووبەری ماوە لە پاش دەرهێنانی ڕووبەری بینای نهۆم لە ڕووبەری پارچە زەویەکە بەسەر ڕووبەری پارچە زەوی.

$$\text{ڕێژەی کراوە لە نهۆمێک ( ٪ )} = \frac{\text{ڕووبەری پارچە زەوی} - \text{ڕووبەری بینای نهۆم}}{\text{ڕووبەری پارچە زەوی}} \times ١٠٠$$

-٣٢ **ڕووبەری والا - کۆرت یارد (Courtyard)**: ڕووبەرێکی دانەپۆشراوە لە بینا بەهیچ شێوەیەك و هیچ کەرستەیەکی بینا دانەپۆشراو و دانە بڕێنراوە لە کرانەوە بە ڕووی ئاسمان لە سێ لایان زیاتر دەورە دراوە بە دیواری دەرەکی (دەرەوە)ی بینا یان دەورە دراوە بە هەر هۆکارێکی تر.

-٣٣ **مۆڵەتی بینا (Building Permit):** ئەو بەڵگەنامە فەرمیەیە کە ڕێگە دەدات بەکاری بیناکاری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی یاساو ڕێساکانی شارەوانی.

-٣٤ **نەخشەی بینا (Building Drawing):** ئەو نەخشە و هێڵکاریە ئەندازەییانەیە کە شێوەو قەبارەی بینا ڕوون دەکاتەوە، کە بینای لە سەر بنیات دەنرێت بەپێی مۆڵەت و بە شێکی سەرەکیە لە پێداویستییەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی بینا.

-٣٥ **سەرپێچی بینا(Building Infraction):** دروستکردنی بینا بەبێ هەبوونی مۆڵەت یان بەشێوەیەکی جیاواز لە ناوەڕۆکی نەخشەکانی بینای کە مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە.

٣٦- **بینای قەدەغە (Prohibited Building):** بینایەکە یان بەشێکی کە بەدەرە لە هەموو یاساو ڕێسا کارپێکراوەکانی مۆڵەتی بینا.

٣٧- **دەرچەی دەربازبوون (Emergency Exit):** دەرچە یەکی بینا یە کە بەکاردەهێنرێت بۆ دەربازبوون و دەرچوون لە ناوەوەی بینا بۆ دەرەوە لە کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوی مەترسیدار و لەناکاو.

٣٨- **پلیکانەی دەربازبوون (Emergency Staircase):** پلیکانەیەکی تایبەتە لە ڕووی سەلامەتی یەوە بۆ دەربازبوون و دەرچوون لە ناو نهۆمەکانی بینا بۆ ئاستی زەوی دەرەوەی بینا، بەکاردەهێنرێت لە کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوی مەترسیدار و لەناکاو.

٣٩- **تەوەری بازرگانی (Commercial Use Street or Axis):** ئەو شەقامەیەکە بەکارهێنانی ئەو پارچە زەویانەی کە ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە سەری بازرگانین جگە لەو پارچە زەویانەی کە بەپێی نەخشەی کەرتی (وردکاری) پەسندکراو بەکارهێنانیان بۆ مەبەستێکی تر دیاریکراوە.

٤٠- **تەوەری تێکەڵاو (Mixed Use Street or Axis):** ئەو شەقامەیە کە بەکارهێنانی ئەو پارچە زەوییانەی کە ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە سەری بازرگانی و نیشتەجێن جگە لەو پارچە زەویانەی کە بەپێی نەخشەی کەرتی (وردکاری) پەسندکراو بەکارهێنانیان بۆ مەبەستیکی تر دیاریکراوە. تەنها شێوازی بینای باڵەخانە لەم جۆرە شەقامانە ڕێگەپێدراوە نەک خانوو، باڵەخانەکانی سەر شەقامەکە بۆ مەبەستی بازرگانی یان بازرگانی لە نهۆمی سەر زەوی و نیشتەجێ لە نهۆمەکانی سەروتر بەکاردەهێنرێت.

٤١- **قوڵایی بینا (Building Depth):** بریتی یە لەو دووریەیی کە لەڕووی پێشەوەی (ڕووی شەقامی سەرەکی) بینا ئەژمار دەکرێت تا کۆتایی بینا لە ڕووی پشتەوە.

٤٢- **قوڵایی بازرگانی (Commercial Depth):** درێژترین دووری ڕێگە پێدراوە بۆ بەکارهێنانی بازرگانی لە پارچە زەویەك لە هێلی پێشەوەی پارچە زەوی(frontage) کە دەکەوێتە سەر شەقامی بازرگانی یان تێکەڵاو دەستپێدەکات بە ئاراستەی قوڵایی پارچە زەویەکە.

٤٣- **باخچە:** ڕووبەرێکی زەوییە بە شێوەی سرو شتی یان دە ستکرد چێنراوە بەدارو گوڵ بە شێوەکی ڕێک کە بتوانرێت پێشوازی لە خەڵک بکات.

٤٤- **زۆنی بینای کەم بەرزی** (Law Rise Building) : ئەو زۆنەیە کە ژمارەی نهۆمی بیناکانی لە چوار نهۆم تێپەڕ نەکات و دەکرێت بە پلیکانە وەک ئامرازی بەستنەوەی نهۆمەکانی بەکاربهێنرێت .

٤٥- **زۆنی بینای بەرز** (High Rise Building) : ئەو زۆنەیە کە ژمارەی نهۆمی بیناکانی تیدا لە (٤-٨) نهۆم تێپەڕ نەکات و پلیکانە و بەرزکەرەوە بەکار دێت بۆ گەیشتن بە یەکەکان .

٤٦- **زۆنی تاوەر** (Tower Block) : ئەو زۆنەیە کە ژمارەی نهۆمی بیناکانی لە نێوان (٨ – ١٥) نهۆم تێپەڕ نەکات کە بەپێی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنەرەکانی تاورەکە پلیکانە و بەرزکەروە نهۆمەکانی دابەش دەکرێت.

٤٧- **زۆنی بینای هەیکەلی ئینشائی زەبەلاح** (Mega Structure) : ئەو زۆنەیە کە ژمارەی نهۆمی بیناکانی لە (١٥) نهۆم زیاترە کە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی و بەکارهێنەرەکانی تاورەکە پلیکانە و بەرزکەروە نهۆمەکانی دابەش دەکرێت.

٤٨- **بینا فرە نهۆمی**:ئەو بینایانە یە کە بەرزیەکانیان لە نێوان چوار نهۆم بەرەو سەرەوەیە کە بەپێی پولین و ژمارەی نهۆمەکان و بەکارهێنانی بینا(نیشتیەجی، بازرگانی،گەشتیاری ،گشتی)دابەشکراوون.

٤٩- **بالە خانەی بازرگانی**: باڵە خانەی تایبەتمە ندە بە بە کارهێنانی بازرگانی کە هەموو بینایە کان لە چە ند یەکەیەکی بازرگانیی پێکدێت بۆ مەبە ستی بەکرێدان یاخود فرۆ شتن . دەکرێت بە شێوەی بالەخانەی تاک یان کۆمەلێک بالە خانە لە تەنیشت یەک وەک یەک بینا یاخود جە ند بلۆکێکی جیا بێت بە شێوەی کۆمەلگای بازرگانی.

٥٠- **باڵەخانەی نیشتەجێبوون**: بریتیە لە بینایەک یاخود کۆمەڵێک بینا کە لە ژمارەیەک یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی (یەکە، ستۆدیۆ ،دوبلیکس) پێکدێت کە بەکاردێت بۆ بەکرێدان یاخود فرۆشتن . دەکرێت بینایەکان لکاوبن یاخود جیابن.

٥١- **باڵەخانەی گشتی**:ئەو بالەخانەیە کە بۆ مەبەستەکانی کەرتی گشتی و خزمەت گوزاری گشتی بەکاردێت.

٥٢- **بالە خانەی تێکەڵاو**: بریتیە لە بینایەک یاخود کۆمەلێک بینا کە بە کارد ێت بۆ هەردوو بە کارهێنانی نیشتەجێ و بازرگانی لە یەک کاتدا. کە دەکرێت لە سەر تەوەرێکی تێکەلاو یان زەویەکی بەکارهێنانی تێکەڵاو بێت.

٥٣- **زەوی جێهێڵدراو:** ئەو ڕووبەرەیە کە دەکەوێتە سنووری نەخشەی ڕێکخراو پێ ی دەگوترێ زەوی بەتاڵی جێهێڵراو و رووبەری زیاتر نەبێت لە (١٢٠م) دووجا و ڕووی پێشەوەی(واجهە) لە (٦م) کەمترە و بەتەنها ناتوانرێ وەک زەویەکی سەربەخۆ بینای لەسەر دروست بکرێت یاخود مەرج و ڕێنماییەکانی پلانسازی لە سەر جێبەجێ ناکرێت ئەگەر ڕووبەریشی زیاتربێت لە رووبەری ئاماژە پێکراوی سەرەوە وە شارەوانی سوودی لێ نابینێت بۆ هیچ مەبەستێک.

٥٤- **ڕوو بەری تەواوکەری بینا**: ئەو ڕووبەریە لە دەرەوەی سنووری زەوی یاخود بینای ڕێگەپێدراو مولکی تایبەت یاخود گشتی بێت وەک زیادەرووبەر دەخرێتە سەر زەوی پرۆژە کە پێوستە بۆ ڕێکخستنەوە و پێوستی ڕووبەری زەویەکە وە بەپێی ڕێنماییەکانی رووبەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەخرێتە سەر ڕووبەری ڕێگە پێدراوەکە چ بەفرۆ شتن یا خود کرێی ساڵانە و تەنها بۆ پرۆژەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان بەکاردێت

**ماددەی (٢):**

**یەکەم**: پەیرەوکردنی چوارچێوەی کارکردن بۆ پرۆسەی پلانسازی بیناکردن لە سێ هەنگاوی یەك لە دوای یەك و پێکدێت لە (ڕێپێدانی پلانسازی، ڕێپێدانی بینا، بڕوانامەی تەواوکردنی بینا) و ڕێکارەکانی ڕێپێدانی پلانسازی و ڕێپێدانی دروستکردنی بینا بەپێی بەند و بڕگەکانی ئەم ماددەیە ئەنجام دەدرێت.

**دووەم**: ڕێپێدانی پلانسازی لەلایەن بۆردی ڕێپێدانی پلانسازی لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەدرێت و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەرکی سەرپەشتی و چاودێری جێبەجێکردنی ڕێنماییە پلانسازییەکانی پەسەندکراو لەلایەن ئەم بۆردە دەکەوێتەوە ئەستۆی سەرۆکایەتی شارەوانییە پەیوەندیدارەکان و لە بوونی هەر گرفت و ناڕوونییەك بۆردی ڕێپێدانی پلانسازی ئاگادار دەکرێتەوە.

**سێیەم:** ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە وەرگرتنی (ڕێپێدانی پلانسازی) دەبێت ئەمانەن:
١- هەموو باڵەخانەیەکی نوێ پێش ڕێکارەکانی وەرگرتنی ڕێپێدانی بینای سەرەتایی.
٢- گۆڕانکاری لە ڕووکاری باڵەخانە (واجهە) یان بینای کەلەپووری و شوێنەواری.
٣- گۆڕینی بەکارهێنانی باڵەخانە.
٤- پڕۆژەکانی ناو ناوچەی پارێزراو (محرمات)ی شارەوانییەکان.
٥- دروستکردنی بینا لە ناوچە سەوزاییەکان و پارکە سەرەکییەکان.
٦- لاندمارك و پڕۆژەکانی شوێنەوار و وەبەرهێنان.
٧- مۆڵەتی دروستکردنی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل.
٨- هەر دەستکارییەکی باڵەخانە کە پێویستی بە کرانەوە لەسەر شەقام هەبێت.
٩- هەر گۆڕنکارییەك کاریگەری هەبێت لەسەر لایەنی ئابووری ناوچەکە.
١٠-ڕێپێدانی پلانسازی بۆ خانووی نیشتەجێ بەپێی تایبەتمەندی زۆنەکە دەبێت (بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی هەڵدەستێت بە دانانی ڕێنمایی پلانسازی تایبەت بە هەر زۆنێك) و بەپێی ئەو ڕێنماییانە لەکاتی ڕێپێدانی خانوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پێویست بە ڕێپێدانی پلانسازی ناکات.
١١-ڕێپێدانی پلانسازی باڵەخانە ستوونییەکان بەپێی کۆد و ڕێنمایی و پێوەر و بەرزەفتە پلانسازییە کارپێکراوەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
١٢-شارەوانی پەیوەندیدار دەتوانێت لەکاتی پێویست ڕاپرسی ئەنجام بدات بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچونی دانیشتوان و لایەنی پەیوەنداری ناوچەکە بە مەبەستی بەرچاو ڕوونی بۆ ڕێپێدانی پلانسازی.
**چوارەم:** ئەم بابەتانەی خوارەوە پێویستییان بە ڕێپێدانی پلانسازی نابێت:
١- لەکاتی تایبەت، دەکرێت هەندێك پڕۆژە بەدەر بکرێت لە ڕێپێدانی پلانسازی، لەسەر پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند لە وەزارەت و بە ڕەزامەندی وەزیر، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و بەپێی تایبەتمەندی.
٢- گۆڕانکاری لە دیکۆر و دووبارە دیزاینکردنەوەی ناوەوەی باڵەخانە پێویست بە ڕێپێدانی پلانسازی ناکات ئەگەر بەکارهێنانی بیناکە نەگۆڕێت، بە مەرجێك باڵەخانەکە کەلەپووری نەبێت.
**پێنجەم:** پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵ و مەرجانەی خوارەوە بکرێت و وردبینی بکرێت وەک بنەما بۆ ڕێپێدانی پلانسازی و وردبینی کردنی نەخشە و بەڵگەنامە فەرمییەکان لە گشت قۆناغەکان ( بیناکردن، بەدواداچوون و وەرگرتن) و ئامادەکردنی ڕاپۆراتی ڕێپێدانی پلانسازی و پێویستە لە ڕاپۆرتەکەدا جێگیر بکرێن:
١- پێویستە زەوی بیناکە یان پڕۆژەکە بە شێوەیەکی گشتی هیچ کێشەیەکی یاسایی و هونەری نەبێت و وێنەی تۆماری سەربەخۆی هەبێت.
٢- پێویستە خاوەن بینا پێش دەستپێکردن پابەند بکرێت بە دەرکردنی ڕێگەپێدانی بینا لە شارەوانی و دروستکردنی بیناکە بەپێی ناوەڕۆک و مەرجەکانی ڕێگەپێدانی بینا بە پێچەوانەوە سزا دەدرێت بە پێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم .
٣- وردبینی نەخشەی پێکهاتەی پڕۆژەکە( سایت پلان) بکرێت بەپێی ستاندەرە پلانسازییە کارپێکراوەکان لە نێوانیاندا:-

أ-یەکلاکردنەوەی کێشـــەی یاســـایی و هونەری و موڵکایەتی پارچە زەوییەکان و تەواوکردنی ڕێکاری ڕای پلاندسازی بۆ بابەتەکانی کە پێویستە ڕای پلاندسازی لە سەر بدرێت وەک (جێهێڵدراو و بەرکەوتن ...هتد) و بە نەخشە بابەتەکە یەکلا بکرێتەوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

ب- پێگەی بینا و ئاڕاستەکانی

ج- گۆڕەپانی وەســـتانی ئۆتۆمبێل و شـــوێنی وەســـتانی ئۆتۆمبێل بەپێی قەبارەی بەکارهێنانەکان و شـێوەو دووریەکانی بەپێی ستاندەرد و ڕێنماییە بەرکارەکان.

د- گۆڕەپانی کراوە و ناوچەی سەوزایی .

هـ- خزمەتگوزاری ناو سایتی پرۆژە کە و دەوروبەری و توانای ناوچەکە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری.

و- کشانەوەی بینا و پاراستنی هێلی بینا.

ز- چڕی دانیشتوان و چڕی بینا.

ح- ڕەنگ و مەودای بینا و ڕێژەی بەکارهێنانی شـوشـە لە ڕۆکاری پێشـەوەی واجهەی بیناکان بەپێی ئاڕاسـتەی بیناکە بە مەبەستی پاراستنی وزە و کەمکردنەوەی تیشکدانەوەی بێزارکەر.

ط-ڕەچاوکردنی ڕووی بینا (جۆر و ڕەنگی کەرەســـتەی بەکارهاتوو) هەروەها شـــوێنی هەڵواســـینی ریکلام و ئامێری فێنك کردنەوە.

ي- پێوستیەکانی دیزاین بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.

ك- ڕەچاوکردنی ماوەی نێوان بیناکان و نابێت دووری نێوان دوو بینا کەمتر بێت لە ڕێژەی ٢٠% بەرزی بیناکان لە ناوچەی بینای فرە نهۆمی نیشتەجێ.

ل- بوونی شـــەقامی خزمەتگوزاری لەناو پرۆژەکان و نابێت دەروازەی پرۆژەکە راســـتەوخۆ بکەوێتە ســـەر شەقامە سەرەکیەکان تاکو نەبێتە ڕێگری هاتووچۆ .

م- ڕەچاوکردنی ڕووبەر لە دیاریکردنی بەرزی بینا و ژمارەی نهۆم بە مەرجێک تەواوی ڕەهەندە پلانسازییەکان لەناو سنووری زەویەکە ڕەچاو بکرێت و کاریگەری نەرێنی دروست نەکات.

ن- ڕێگا دەدرێت بە بەکارهێنانی نهۆمی زەوی و یەکەم بۆ لایەنی کارگێری وئۆفیسی بازرگانی بەمەرجێک تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ یەکەی نیشتەجێبوونەکان وە دەبێت دەروازەی تایبەتمەند وجیاواز و سەربەخۆی هەبێت

س- ڕەچاوکردنی مەرجە پلانسـازییەکان بۆ سـەلامەتی بینا لە ڕووی ئاگر کەوتنەوە و ڕووداوی نەخوازرا و و ســـەلامەتی گەیشـــتن بە بینا و پلیکانەکانی چوونە ژوورەوە بۆ و دەرچوون لە بیناکان و لە شـــەقامی خزمەتگوزاری دەروازەی تایبەتمەند هەبێت بۆ هاتوچوی ئوتومبێل و کەل و پەل و فریا گوزاری.

ع- دیاریکردنی کلیلی نەخشـــەو زانیـارییەکانی تایبەت بە پێکهاتە و ڕووبەری بەکارهێنانەکان و جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو لە سایت پلان و نەخشەکان.

ف- بەپێی حاڵەتەکانی بینای داواکراو، پێویســـتە ڕاو ســـەرنج و ڕێنماییەکانی لایەنە پەیوەندارەکان ببێتە بەشێک لە ڕاپۆرتی ڕێپێدانی پلانسازی.

٤- پێوستە ئەو وردبینانەی کە لە خالی (٣ی برگەی پێنجەم) ئەنجام بدرێت لە ماوەیێک لە (٢٠ )ڕۆژ زیاتر نەبێت لە بەرواری وەرگرتنی داواکاری ڕێپێدانەکە، جگە لەو حاڵە تانەی کە پێوســـتی بە گۆرینی بەکارهێنان و ڕەگەزی زەوی دەبێت، ئەوکات پێوستە ماوەکەی زیاتر نەبێت لە (٦٠ )ڕۆژ.

**شــەشــەم**: تاکو ڕێکاری یاســایی و کارگێری بۆ بۆردی ڕێپێدانی پلانســازی دەردەچێت دەبێت بەڕێوەبەرایەتی نەخشــەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارەســەربەخۆکان دەســت بەجێبەجێکردنی بوارە پلانســازییە ئاماژەپێکراوەکان بکەن.

**حەوتەم**: هەر شەقامێک کە بە ڕێکارە یاساییەکان و بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکان بەکارهێنانی دەگۆڕێت پێویستە ڕێنمایی بینا تایبەت بە شــەقام دەربچێت لە ماوەی (١٠) ڕۆژی کارکردن بە هەماهەنگی نێوان شــارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پەیوەندیدار، بەپێی ڕێکارە یاساییەکان و پلانسازییەکان.

**هەشتەم**: پێویستە شارەوانی پەیوەندار بەڵێننامەی یاسایی لە ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژە وەربگرێت کە ئەم دۆکیومێنتانە دەستەبەر بکات و پێشکەشی بەشی مۆڵەت (ڕێپێدانی بینا) بکات بەمەبەستی وردبینی و پەسەندکردن:

١- جێبەجێکردنی ڕێنماییە کارپێکراوەکان و و بەرزەفتە نەخشــەســازییە خۆجێییەکان و ڕێســا (Code) و ستانداردی کارپێکراو لە رووی:

أ- پشکنینی توانای خاک (Geotechnical report) بەپێی ڕێسا وستانداردە کارپێکراوەکان لەهەرێمی کوردستان

ب- هەڵگرتنی بەرپرســیاریەتی لە جێبەجێگەیاندنی ڕێکارەکانی ســەلامەتی گشــتی(تەندروســتی، ئاگرکەوتنەوە، بومەلەرزە، ئینشائی).

ج- سەلامەتی بینا و دروستکراوەکانی دەوروبەری.

د- ڕەچاوکردنی پاراستنی وزە .

**نۆیەم** : پێوســتە بەکارهێنانی بینا تەنها بۆ ئەو مەبەســتەبێت کە ڕێپێدانی پلانســازی و ڕێپێدانی بیانی لەســەر وەرگیراوە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم**: لە سەر پۆلێنکردنی شێوازی ڕێپێدانی بینا، بابەتەکانی( نیشتەجێ، بازرگانی، پیشەسازی، کەرتی گشتی، وەبەرهێنان) هەر یەک بە فۆڕم و داواکاری خۆی کاری لەسەر دەکرێت.

**دووەم**: ئەو فەرمانگانەی ڕێپێدانی بینا بە لیژنە دەکەن، لەمەودوا لە چوارچێوەی بەشــی ڕێپێدانی بینا کە هەروەک لە پەیکەری ڕێکخستنی فەرمانگەکاندا هەیە کارەکان ئەنجام بدەن.

**ســێیەم**: بەشــی ڕێپێدانی بینا پێکهاتبێت لە چوار هۆبە ئەوانیش: (هۆبەی ووردبینی، هۆبەی کەشــف و بەدواداچوون، هۆبەی دەرکردنی بڕوانامەی تەواوکردنی بینا، هەروەها هۆبەی ئەرشــیف)، کە ئەرشــیفی یــاســایی و تەکنیکی بەردەوام بە زنجیرەی زەمەنی (Chronological archive) بپــارێزێــت، هەروەهــا فەرمانبەرێکی کارامە بکرێتە ســکرتێری بەشــی ڕێپێدان، وەک ســیســتەمی یەک پەنجەرە، هاوڵاتی تەنها پەیوەندی بە ســکرتێر بکات بۆ پێشــکەشــکردنی داواکاری و وەرگرتنی زانیاری و وەڵام. بەڵام بۆ ئەو فەرمانگانەی کە تاکو ئێســتا هۆبەن ،دەکرێت لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنەیەکی ســەرەکی بە ناوی لیژنەی ڕێپێدانی بینــا کە چوار لیژنەی لاوەکی لە خۆ بگرێــت (ووردبینی، کەشــف و بەدواداچوون، دەرکردنی بڕوانامەی تەواوکردنی بینا، ئەرشــیف) کارەکان ئەنجام بدەن تا ئەو کاتەی بەشــی ڕێپێدانی بینا پەســەند دەکرێت لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار.

**چوارەم**: ڕێپێدانی بینا بەپێی بەرزفتە، ڕێسا (code) و ستاندارده بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان پەیرەو دەدرێت.

**پێنجەم**: ڕێڕەوی کارکردن لە پرۆسەی ڕێپێدانی بینا process Workflow



**شەشەم:** میکانیزمی کارکردن لە پرۆسەی ڕێپێدانی بینا Administrative Organigram



**ماددەی (٤):**

ڕێپێدانی بینا بەپێی ئەو فۆرم و خشتانە دەبێت کە لە بڕگەکانی ئەم ماددەیەدا هاتووە:

**یەکەم**: فۆڕمی داواکردنی ڕێپێدانی بینای بازرگانی:

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار
فۆڕمی داواکردنی ڕێپێدانی بینا

Kurdistan Regional Government
Ministry of Municipality and Tourism
Building Permission Request Form

**کۆدی فۆڕم BPRF٢ (بازرگانی) Building Permission Request Form**

**یەکەم:**

| زانیاری لەسەر بابەتی مامەڵە ئەم بەشە لە لایەن فەرمانگەی شارەوانی (سکرتێری بەشی ڕێپێدان پڕ دەکرێتەوە) | |
|---|---|
| سەرۆکایەتی شارەوانی | تێبینیەکان (ئەگەر هەبێت) |
| | |
| ژمارەی فایل | |
| | |
| بەرواری وەرگرتن | |
| | |

**دووەم:**

| زانیاری کەسی (دەربارەی داواکاری ڕێپێدان) (ئەم بەشە لەلایەن داواکار خۆی پڕدەکرێتەوە) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوی تەواو | | | |
| ٢ | ئەگەر کۆمپانیا بێت لێرە بنووسە | | | |
| ٣ | ناونیشان بۆ پەیوەندی کردن | | | |
| | | | | |
| ٤ | ژمارەی تەلەفۆن | | | |
| ٥ | Email (ئەگەر هەبێت): | | | |
| ٦ | پێگەی داواکار | خاوەن موڵك | ☐ | وێنەیەك لە ناسنامە هاوپێچ بێت |
| | | بریکار | ☐ | وێنەیەك لە بریکارنامە و ناسنامەی خاوەن موڵك (بۆ بەشی سێیەم) |
| | | میراتگری | ☐ | وێنەیەك لە دابەشنامەی شەرعی هاوپێچ بێت. (بۆ بەشی سێیەم) |
| | | هیتر | ☐ | |

**کۆدی فۆڕم BPRF٢ (بازرگانی) Building Permission Request Form**

**سێیەم:**

| | | |
|---|---|---|
| پێدانی دەسەڵات بۆ بەدواداچوون [١] | | |
| ئایا بەدواداچوونی داواکاریەکەت بە لایەنێکی تر سپاردووە؟ | بەڵێ ☐ (زانیاریەکانی خوارەوە تەواوبکە) | نەخێر ☐ |

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی تەواو | |
| | | |
| ٢ | وەزیفە | |
| ٣ | ناوونیشانی پەیوەندی کردن | |
| | | |
| ٥ | ژمارەی تەلەفۆن | |
| ٦ | Email: (ئەگەر هەبێت): | |

**چوارەم:**

| | | |
|---|---|---|
| دیارکردنی شوێنی بیناکردن | | |
| ٤-١ | سنوری شارەوانی | |
| | شەقام | |
| | ژمارەی بینا | |
| ٤-٢ | زانیاری دەربارەی تاپۆی موڵك | |
| | ژمارەی کەرت وە ژمارەی پارچە زەوی | ..................................... کەرتی ................... |
| | پشکداری (ئەگەر هەبێت) | |
| | نیشانەی گلدانەوە (ئەگەر هەبێت) | |
| ٤-٣ | هەر زانیاریەکی تر: | |

[١] - ئەگەر دەسەڵات بدەیت بە کەسی سێیەم (پارێزەر یان بریکار) بۆ بەدواداچوون و وەرگرتنی ڕێپێدانی بینا ، ئەوا بەپێی یاسا هەردووکیان بەرپرسن بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان.

**کۆدی فۆڕم BPRF٢ (بازرگانی) Building Permission Request Form**

**پێنجەم:**

| | | |
|---|---|---|
| ڕێپێدانی پلانسازی | | |
| بابەتەکە ڕێپێدانی پلانسازی دەوێت؟ | بەڵێ ☐ (کام لە بژاردەکانی خوارەوە ؟) | نەخێر ☐ |
| بابەتەکانی ڕێپێدانی پلانسازی | | |
| ٥-١ | باڵەخانەی نوێ | ☐ |
| ٥-٢ | گۆڕانکاری لە ڕووکاری باڵەخانە یان بینای کەلەپووری و شوێنەوار. | ☐ |
| ٥-٣ | گۆڕینی جۆری بەکارهێنانی زەوی یاخود جۆری بەکارهێنانی باڵەخانە. | ☐ |
| ٥-٤ | پڕۆژەکانی کەوتوونەتە ناوچەی پارێزراو. | ☐ |
| ٥-٥ | ناوچە سەوزاییەکان. | ☐ |
| ٥-٦ | شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل. | ☐ |
| ٥-٧ | هەر دەستکارییەکی باڵەخانە. | ☐ |
| ٥-٨ | هەر گۆڕانکارییەک کاریگەری هەبێت لەسەر لایەنی ئابووری. | ☐ |
| ٥-٩ | هەر بابەتێکی تر جگە لە نیشتەجێ | ☐ |

**شەشەم:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری ڕێپێدانی بینا [٢] | | | | | | |
| ٦-١ | ئایا پێشتر ڕێپێدانی بینا وەرگیراوە؟ | | بەڵێ ☐ بۆخانەی ٦-٢ و ٦-٣ ) | | نەخێر ☐ (بۆ بەشی حەوتەم) | |
| ٦-٢ | بەرواری ڕێپێدانی پێشوو | | | | | |
| ٦-٣ | ژمارەی تۆماری ڕێپێدانی پێشوو | | | | | |
| ٦-٤ | وەسفی بینا کردن [٣] | ڕووخاندن☐ | بینای نوێ ☐ | فراوانکردن☐ | نۆژەنکردنەوە ☐ | گۆڕین ☐ |
| ٦-٥ | ڕوونکردنەوەی زیاتر (ئەگەر هەبێ) | | | | | |
| | | | | | | |
| | ئایا پلانی کاری بیناکردن ، بینایەیەکی کاتی لەخۆ دەگرێت؟ | | بەڵێ ☐ (بۆ خانەی ٦-٧) | | نەخێر ☐ | |
| ٦-٧ | تەمەنی چاوەڕوانکراوی بینا کاتیەکە چەندە؟ | | ساڵ ........................................ | | | |

[٢] بە شارەوانی ڕابگەیەنە چ جۆرە ڕێپێدانێک داواکاریت ، لە لیستی پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان Checklist نەخشەکان، یان ڕاپۆرتەکان کە پێوویستن دەبێت هاوپێچی داواکاری بێت.

[٣] رووخاندن یان فراوانکردن پێوویستە شارەوانی پەیوەندار بە پی ی فۆڕمی تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات

## کۆدی فۆرم BPRF٢ (بازرگانی) Building Permission Request Form

**حەوتەم:**

| | |
|---|---|
| تێچووی خەملێنراوی بینا [٤] | |
| سەرجەم<br>تێچوویەملێنراوی بینا | ...............................<br>........................................................ دیناری عیراقی |
| تێبینیەکان | |

**هەشتەم:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەنجامدانی کارەکانی بیناکردن | | | |
| چۆن ئەنجامدانی کاری بیناکردن پلانی بۆ دانراو؟ ٥ | | | |
| ٨-١ | هێشتا دیار نیە | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٨-٢ | لە ژێر چاودێری خۆم دەبێت؟ | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٨-٣ | هەموو کارەکان خۆم ئەنجامی دەدەم | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٨-٤ | ئەنجامدەدرێت لە لایەن بەڵێندەرێکی سەرەکی؟ ٦ | بەڵێ ☐ (بۆ خانەی ٦-٨) | نەخێر ☐ |
| ٨-٥ | ئەنجامدەدرێت لە لایەن بەڵێندەرێکی لاوەکی؟ ٧ | بەڵێ ☐ (بۆ خانەی ٧-٨) | نەخێر ☐ |
| | لە لایەن چەند بەڵێندەری لاوەکی ئەنجامدەدرێت؟ | | |
| | بۆ کام بەشی کاری بیناکردن بەڵێندەری لاوەکی دەخرێتەکار؟ | | |
| | ٨-٥-١ | | |
| | ٨-٥-٢ | | |
| | ٨-٥-٣ | | |
| | ٨-٥-٤ | | |
| | ٨-٥-٦ | | |
| | ٨-٥-٦ | | |
| | ٨-٥-٧ | | |
| ٨-٦ | زانیاری لەسەر بەڵێندەری سەرەکی | | |
| | ناوی بەڵێندەر | | |
| | ناونیشانی بەڵێندەر | | |
| ٨-٧ | زانیاری لەسەر بەڵێندەرەکانی لاوەکی | | |
| | ناوی بەڵێندەر | | |
| | ناونیشانی بەڵێندەر | | |

[٤] Breakdown بۆ بڕگەکانی پڕۆژە.

[٥] ئەگەر دڵنیا نەبوویت چۆن بیناکەت درووست دەکەیت و لەلایەن کێوە ، ئەوا خانەی ١-٨ هەڵبژێرە.

[٦] ئەگەر بەڵێندەرێکی سەرەکی و ناسراو کارەکان ئەنجامدەدات، تکایە بەڵگەنامەی پشتڕاستکراو لە لایەن یەکێتی بەڵێندەران هاوپێچ بکرێت

[٧] ئەگەر بەڵێندەرێکی لاوەکی بەشداری کارەکان بکەن ، ئەوا بەڵگەنامەی پشتڕاستکراوی ئەندامبوون لە ڕێکخراوی پیشەیی هاوپێچی ئەم فۆرمە بکرێت.

**کۆدی فۆڕم BPRF۲ (بازرگانی) Building Permission Request Form**

**نۆیەم:**

| کەرەستەی بینا و ڕەنگەکان [8] | | | |
|---|---|---|---|
| | بەش | کەرەستەی بینا | ڕەنگ |
| ٩-١ | Facade واجهة | | |
| ٩-١-١ | Skirting چواردەوەر | | |
| ٩-١-٢ | Cladding ڕووپۆش | | |
| ٩-١-٣ | Parapet نزمە دیوار (محجل) | | |
| ٩-١-٤ | هی تر ................ | | |
| ٩-٢ | Components پێکهاتەکان | | |
| ٩-٢-١ | پەنجەرەکان | | |
| ٩-٢-٢ | دەرگاکان | | |
| ٩-٢-٣ | ڕووکەشی دیوارەکانی ناوەوە | | |
| ٩-٣ | پەیکەری بینا | | |
| ٩-٣-١ | کۆنکریتی شیشبەند | | |
| ٩-٣-٢ | ئاسن | | |
| ٩-٣-٣ | دار | | |
| ٩-٣-٤ | ئەلەمنیۆم | | |
| ٩-٤ | ئاوەڕۆ | | |
| ٩-٥ | ................ | | |
| ٩-٦ | بەشی تر..... | | |
| ٩-٧ | ..... | | |
| ٩-٨ | ..... | | |
| ئایا دەتەوێت پلانی بیناکردن لەگەڵ لیژنەی مۆڵەت بە زارەکی ڕون کەیتەوە؟ | | بەڵێ ☐ | نەخێر ☒ |

[8] بە دیارکردنی کەرەستە و ڕەنگ، دوای بەخشینی ڕێپێدانی بینا ناتوانیت بیانگۆڕیت. وە ئەگەر بڕیارتدا بە گۆڕین، ئەوا دەبێت ڕای لیژنەی مۆڵەت وەربگریەوە.

**کۆدی فۆڕم BPRF٢ (بازرگانی) Building Permission Request Form**

**دەیەم:**

| پابەندبوون بە ڕێساکانی بینا [٩] | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠-١ | ئایا پلانی بیناکردنت پابەندن بە ڕێساکانی بیناسازی سەبارەت بە سەلامەتی بەکاربردن لە بینادا؟ | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ١٠-٢ | ئایا پلانی بیناکردنت پابەندن بە ڕێساکانی بیناسازی سەبارەت بە سەلامەتی لە ئاگر؟ | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ١٠-٣ | ئایا پلانی بیناکردنت پابەندن بە ڕێساکانی بیناسازی سەبارەت بە سەلامەتی دامەزراوەکانی کارەبایی و میکانیکی لە بینادا؟ [١٠] | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ١٠-٤ | ئایا پلانی بیناکردنت پابەندن بە ڕێساکانی بیناسازی سەبارەت بە سەلامەتی سترەکچەر لە بینادا؟ [١١] | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ١٠-٥ | ئایا پلانی بیناکردنت پابەندن بە ڕێساکانی بیناسازی سەبارەت بە گەیشتن لە شیاوی بینادا؟ | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ١٠-٦ | ئایا پلانی بیناکردنت پابەندن بە ڕێساکانی بیناسازی سەبارەت بە پاراستنی ووزە لە بینادا؟ | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |

**یازدەم:**

| مۆڵەتە تەواوکاریەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاری بیناکردن ، وەرگرتنی مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە (بەڵێ) دیار بکە | | | |
| ١ | مۆڵەتی رووخاندن ( ئەگەر پێویست بیت) | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٢ | مۆڵەتی تەندروستی ( ئەگەر پەیوەست بە بابەت بیت) | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٣ | مۆڵەتی ئاسایشی ناوەخۆ ( ئەگەر پەیوەست بە بابەت بیت) | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٤ | ڕەزامەندی کارەبا و کێبلاتی میحوەری | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٥ | ڕەزامەندی ژینگە | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٦ | ڕەزامەندی باجی خانووبەرە | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٧ | ڕەزامەندی باجی دەرامەت | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٨ | ڕەزامەندی شوێنەوار | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٩ | ڕەزامەندی بەرگری شارستانی | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |

[٩] نەخشە و ووردەکاریەکان لەگەڵ ڕاپۆرت دەبێت پێشکەش بکرێت بۆ پابەندبوون بە هەریەک لە ڕێساکان (شارەوانی و سەندیکا)

[١٠] لە ڕاپۆرتی میکانیکییدا ، دەبێت شیکاری دیزاینی هەواگۆڕکێ و نەخشەکان بخرێتە بەردەست.

[١١] بۆ دیزاینی سترەکچەر ، شیکاری دیزاین و نەخشەکان دەبێت بخرێتە بەردەست لەگەڵ پلانی قۆناغەکانی جێ بە جێکردن. وە کار بە ڕێساکانی بیناسازی لە کۆد و ڕێنمایی و بەرزفتەکان بکریت تاکو پەسەندکردنی کۆدی کوردستانی بەردەست دەبێ.

## کۆدی فۆڕم BPRF٢ (بازرگانی)Building Permission Request Form

**دوازدەم:** [١٢]

| ژ | بەرواری دەرچوونی بابەت لە شارەوانی | بەرواری گەڕانەوەی بابەت بۆ شارەوانی | واژووی سکرتێری ڕێپێدان | واژووی داواکاری ڕێپێدانی بینا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ماوەی تێچوو (ڕۆژ) | | | | |

**سێزدەم:**

| | | |
|---|---|---|
| واژووکردن: بەم واژۆیە دانی پێدادەنێم کە ئەم داواکاریەم بە ڕاست و دروستی و ڕاستگۆیی پڕکراوەتەوە، وە پابەندبوون بە کارەکانی بیناکردن بە سەرجەم ڕێسا بیناسازیەکان. | | |
| ١٣-١ | ناوی داواکار | |
| | ژمارەی پێناسەی کەسی | |
| | بەروار | |
| | واژوو | |
| ١٣-٢ | لایەنی دەسەڵاتپێدراو (ئەگەر پەیوەنددار بێت) | |
| | بەروار | |
| | واژووی لایەنی دەسەڵاتپێدراو | |

**چواردەم:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەزامەندی داواکار بە ئاشکراکردنی زانیاری بۆ لایەنی سێ یەم | | | |
| ١٤-١ | ڕێگەدەدەیت کە ئەو زانیاریانەی لە بەشەکانی (٢، ٣، ٤، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) ی ئەم فۆڕمە داوتە ئاشکرا بکرێت بۆ کەسی تر؟ | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ١٤-٢ | واژووی داواکار | | |
| ١٤-٣ | واژووی لایەنی دەسەڵاتپێدراو (ئەگەر پەیوەنددار بێت) | | |

**پازدەم:**

| | |
|---|---|
| هاوپێچەکان | |
| ١ | لیستی پێداچوونەوە (Checklist) بۆ دۆکیومێنت ، نەخشەکان ، زانیاریەکان ، کە دەبێت پێشکەش بکرێن. |
| ٢ | لیستی فایلە ئەلیکترۆنیە پێشکەشکراوەکان (ئەگەر داواکرابێت) |

**کۆتایی فۆڕم**

ناوی سەرۆک بەشی ڕێپێدان:

ڕێکەوت:

واژوو:

[١٢] مەبەست لە دیارکردنی بەروارەکان بریتیە لە دیارکردنی ئەو ماوەیەی کە مامەلەکە لە بەشی ڕێپێدانی بینا دەمێنێتەوە بە گوێرەی ڕووبەر و قەبارەی پرۆژە، کە دەبێت لە (٢٠) ڕۆژی کار (واتا جگە لە ڕۆژانی پشوو) زیاتر نەبێت تا بینایەکی (١٠) نهۆمی، وە لە (٢٠-٣٠) ڕۆژی کار بۆ بینای گەورەتر

## چێک لیستی بواری تەکنیکی مۆڵەتی بینای بازرگانی و هاوپێچی فۆڕمی داواکردنی مۆڵەتی بینا:

**دووەم:** وردبینی کردنی تەکنیکی پێویســـت بۆ ڕێپێدانی بینای بازرگانی و دۆکیومێنتەکانی بەپێی ئەم دوو خشتەیەی خوارەوە دەبێت:

١- CHECKLISTچێک لیستی بواری تەکنیکی مۆڵەتی بینای بازرگانی:

هاوپێچی فۆڕمی داواکردنی مۆڵەتی بینا

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نەخشەپێشکەشکراوەکان ، دۆکیومێنتەکان و داتاکان | | | | |
| قۆناغی ٢ ی مۆڵەتی بینا | | | | |
| قۆناغی ١ ی مۆڵەتی بینا [١٣] | | | | |
| ١ | لیستی نەخشەپێشکەشکراوەکان ، دۆکیومێنتەکان و داتاکان | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢ | پلان و پانەبڕگەی نەخشەپێشکەشکراوەکان | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣ | دیارکردنی دووریەکانی پارچەزەوی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٤ | دیارکردنی بەرزی بینا لە ئاستی شەقام و ژمارەی نهۆمەکان | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٥ | دۆکیومێنت و نەخشەپێویستەکان بۆ چێککردنەوەی لەگەڵ ڕێساکانی پلاندانان | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٦ | پانەبڕگەی شەقام و شۆستە و Ground floor level | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٧ | ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی شوێنەوار و خاک | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٨ | نەخشەکانی ئاستی بەرزی و بینا تێکەڵەکانیشی (Blending Building) تێدابێت | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٩ | وردەکاریەکانی فۆرمی گشتی شێوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٠ | ڕاپۆرتی توانای بەرگەگرتنی خاک و پێکهاتەی جیۆلۆجی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١١ | شیکارەکان و نەخشەکانی دیزاینی سترەکچەر بە قۆناغەکانی جێبەجێکردنیشەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٢ | شیکارەکانی کارامەیی ووزە، تایبەتمەندیەکانی گەرمی و هەوا جێگیربوون | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٣ | ڕاپۆرتی هەڵمژینی دەنگ بۆ دیواری دەرەکی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٤ | ڕاپۆرتی جێگیرکردنی ڕووناکی چوونە ژوور | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٥ | ڕاپۆرتی سەلامەتی لە ئاگر و پەیدابوونی دووکەڵ | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٦ | ڕێڕەوی هەڵاتن و ئاسانکاری سەلامەتی لە ئاگرکەوتنەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٧ | دابینکردنی ووزەی کارەبا ڕووناکی بۆ کاتی فریاگوزاری و لەناکاوی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٨ | ئاو هەڵمژینی کەرەستەی دیوار و سەقف و زەوی لەپێکهاتەکانی ئاوەڕۆ | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٩ | دابینکردنی پێکهاتەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی باران | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٠ | دابینکردنی پێکهاتەکانی کارەبا و ئاو و بەستانەوەیان بە خاڵی سەرەکی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢١ | دامەزراندنی هێڵی ئاوی پاک و گەرم | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٢ | دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕێگریکردن لە دزی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٣ | دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕێگریکردن لە بڵاوەی بۆنی ناخۆش | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٤ | دابینکردنی شوێنی زبڵ و پاشماوەی مەترسی دار | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٥ | دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ کەسانی کەمئەندام | ☐ | ☐ | ☐ |

[١٣] ئەگەر بەکارهێنانی زەوی نەزانراو بوو ، یان نەخشەی کەرتی گۆڕانکاری بەسەرهاتبوو، ئەوا قۆناغی ١ کاری لەسەر دەکرێت

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | جیاکردنەوەی نهۆمەکان لە یەکتری بە پەیژەی ستاندارد و ڕەمپ | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٧ | دیارکردنی شوێنی حمامات و توالێت و شافتی بەرزکەرەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٨ | جەختکردنەوە لە بەرزی نهۆمەکان بە گوێرەی طۆپۆگرافیای دەورو پشت | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٩ | جەختکردنەوە لە دیارکردنی شوێنی کرانەوە بە ئاراستەی پیشەوەی بینا و پیکهاتەکانی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٠ | ڕاپۆرتی سەلامەتی بیناکاری و سەلامەتی شوێنی کارکردنی بیناسازی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣١ | دامەزراندنی کەرەستەی ئاگرکوژانەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٢ | دابینکردنی سەرچاوەی ئاو وە شوێنی پارککردن بۆ ئامیرەکانی ئاگرکوژێنەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٣ | جەختکردنەوە لە دابینکردنی شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبیل بە گوێرەی ستاندارد | ☐ | ☐ | ☐ |

**چێک لیستی بواری تەکنیکی مۆڵەتی بینای بازرگانی و هاوپێچی فۆڕمی داواکردنی مۆڵەتی بینا:**

-٢ CHECKLISTمۆڵەتی بینای بازرگانی چێک لیستی دۆکیومێنتەکانی هاوپێچی فۆڕمی داواکردنی مۆڵەتی بینا:

| | | | |
|---|---|---|---|
| گرێبەستی بانەوانی | | | |
| مولك صرف | | | |
| ١ | داواکاری | ☐ | ☐ |
| ٢ | وێنەیەك لە ناسنامە | ☐ | ☐ |
| ٣ | وێنەی تۆماری تازەکراوە | ☐ | ☐ |
| ٤ | چەسپاندنی سنوور تازەکراوە | ☐ | ☐ |
| ٥ | نەخشەی بینا (معماری ، سترەکچەر، بادلۆ، کارەبا، میکانیك، ئاو ئاوەڕۆ) | ☐ | ☐ |
| ٦ | عقد نووسینگەی ئەندازیاری | ☐ | ☐ |
| ٧ | بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی | | ☐ |
| ٨ | گرێبەستی بانەوانی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار (شارەوانی، هەر فەرمانگەیەك یان کەسێك) | | ☐ |
| ٩ | ڕەزامەندی بەرگری شارستانی [١٤] | ☐ | ☐ |
| ١٠ | ڕەزامەندی ژینگەیی [١٥] | ☐ | ☐ |
| ١١ | ڕەزامەندی گواستنەوە و گەیاندن | ☐ | ☐ |
| ١٢ | ڕەزامەندی کارەبا | ☐ | ☐ |
| ١٣ | ڕەزامەندی ئاو | ☐ | ☐ |
| ١٤ | ڕەزامەندی پارێزگاریکردن لە کەلەپوور | ☐ | ☐ |
| ١٥ | پسوولەکانی پارە | ☐ | ☒ |

[١٤] لە دەستپێکی درووستکردن ڕەزامەندی سەرەتایی دەهێنرێت بە ئاگادارکردن و پابەندبوونی مۆڵەت وەرگر سەبارەت بە مەرجەکانی بەرگری شارستانی شارەکە، پاشان رەزامەندی کۆتایی دەهێنرێت پێش دەرچوونی بڕوانامەی بینا ، کە خاوەن مولک (داواکاری مۆڵەت) هەموو ڕێکاری یاسایی و سەلامەتی جێ بە جێ کردووە.

[١٥] بۆ پرۆژە ستەاتیژیەکان ڕاپۆرتی Environmental Impact Assessment بە پەسەندکراوی هاوپێچ بکرێت

**سێیەم: فۆڕمی داواکردنی ڕێپێدانی بینای گشتی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار
فۆڕمی داواکردنی ڕێپێدانی بینا

Kurdistan Regional Government
Ministry of Municipality and Tourism
Building Permission Request Form

**کۆدی فۆڕم BPRF٣ (بینای گشتی) Building Permission Request Form**

**یەکەم:**

| زانیاری لەسەر بابەتی مامەڵە ئەم بەشە لەلایەن فەرمانگەی شارەوانی (سکرتێری بەشی ڕێپێدان پڕ دەکرێتەوە) | |
|---|---|
| سەرۆکایەتی شارەوانی | تێبینیەکان (ئەگەر هەبێت) |
| | |
| ژمارەی فایل | |
| | |
| بەرواری وەرگرتن | |
| | |

**دووەم:**

| زانیاری کەسی (دەربارەی داواکاری ڕێپێدان) (ئەم بەشە لەلایەن داواکار خۆی پڕدەکرێتەوە) | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی تەواو | |
| ٢ | ئەگەر کۆمپانیا بیت لێرە بنووسە | |
| ٣ | ناونیشان بۆ پەیوەندی کردن | |
| | | |
| ٥ | ژمارەی تەلەفۆن | |
| ٦ | Email (ئەگەر هەبێت): | |

**سێیەم:**

| پێدانی دەسەڵات بۆ بەدواداچوون[16] | | |
|---|---|---|
| ئایا بەدواداچوونی داواکاریەکەت بە لایەنێکی تر سپاردووە؟ | بەڵێ ☐<br>(زانیاریەکانی خوارەوە تەواوبکە) | نەخێر ☐ |

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی تەواو | |
| ٢ | وەزیفە | |
| ٣ | ناوونیشانی پەیوەندی کردن | |
| | | |
| ٤ | ژمارەی تەلەفۆن | |
| ٥ | Email (ئەگەر هەبێت): | |

[16] ئەگەر دەسەڵات بدەیت بە کەسی سێیەم (پارێزەر یان بریکار) بۆ بەدواداچوون و وەرگرتنی ڕێپێدانی بینا، ئەوا بە پێ ی یاسا هەردووکیان بەرپرسن بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان.

**Building Permission Request Form (بینای گشتی) BPRF٣ کۆدی فۆرم**

**چوارەم:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دیارکردنی شوێنی بیناکردن | | | |
| ٤-١ | سنووری شارەوانی | | |
| | شەقام | | |
| | ژمارەی بینا | | |
| ٤-٢ | زانیاری دەربارەی تاپۆی موڵك | | |
| | ژمارەی کەرت وە ژمارەی پارچە زەوی | ........................................ کەرتی .................... | |
| | پشکداری (ئەگەر هەبێت) | | |
| | نیشانەی گلدانەوە (ئەگەر هەبێت) | | |
| ٤-٣ | زانیاری GIS | | |
| | پۆ (X) : | تان (Y): | بەرزی (Z): |
| | هەر زانیاریەکی تر: | | |

**پێنجەم:**

| | | |
|---|---|---|
| ڕێپێدانی پلانسازی | | |
| بابەتەکە ڕێپێدانی پلانسازی دەوێت؟ | بەڵێ ☐ (کام لە بژاردەکانی خوارەوە ؟) | نەخێر ☐ |
| بابەتەکانی ڕێپێدانی پلانسازی | | |
| ٥-١ | باڵەخانەی نوێ | ☐ |
| ٥-٢ | گۆڕانکاری لە ڕووکاری باڵەخانە یان بینای کەلەپووری و شوێنەوار. | ☐ |
| ٥-٣ | گۆڕینی جۆری بەکارهێنانی زەوی یاخود جۆری بەکارهێنانی باڵەخانە. | ☐ |
| ٥-٤ | پڕۆژەکانی کەوتوونەتە ناوچەی پارێزراو. | ☐ |
| ٥-٥ | ناوچە سەوزاییەکان. | ☐ |
| ٥-٦ | لاندمارک و پڕۆژەکانی شوێنەوار و وەبەرهێنان. | ☐ |
| ٥-٧ | شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل. | ☐ |
| ٥-٨ | هەر دەستکارییەکی باڵەخانە. | ☐ |
| ٥-٩ | هەر گۆڕانکارییەک کاریگەری هەبێت لەسەر لایەنی ئابووری. | ☐ |
| ٥-١٠ | هەر بابەتێکی تر | ☐ |

**کۆدی فۆرم BPRF۳ (بینای گشتی) Building Permission Request Form**

**شەشەم:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری ڕێپێدانی بینا [١٧] | | | | | | |
| ٦-١ | ئایا پێشتر ڕێپێدانی بینا وەرگیراوە؟ | | بەڵێ ☐ بۆخانەی ٦-٢ و ٦-٣ ) | | نەخێر ☐ (بۆ بەشی حەوتەم) | |
| ٦-٢ | بەرواری ڕێپێدانی پێشوو | | | | | |
| ٦-٣ | ژمارەی تۆماری ڕێپێدانی پێشوو | | | | | |
| ٦-٤ | وەسفی بینا کردن [١٨] | ڕووخاندن☐ | بینای نوێ ☐ | فراوانکردن☐ | نۆژەنکردنەوە ☐ | گۆڕین ☐ |
| ٦-٥ | ڕوونکردنەوەی زیاتر (ئەگەر هەبێ) | | | | | |
| ٦-٦ | ئایا پلانی کاری بیناکردن ، بینایەیەکی کاتی لەخۆ دەگرێت؟ | | بەڵێ ☐ (بۆ خانەی ٦-٧) | | نەخێر ☐ | |
| ٦-٧ | تەمەنی چاوەڕوانکراوی بینا کاتیەکە چەندە؟ | | ........................................ ساڵ | | | |

**حەوتەم:**

| | |
|---|---|
| تێچووی خەملێنراوی بینا [١٩] | |
| سەرجەم تێچووی خەملێنراوی بینا | ........................................................................................ دیناری عیراقی |
| تێبینیەکان | |

---

[١٧] بە شارەوانی ڕابگەیەنە چ جۆرە ڕێپێدانێک داواکاریت ، لە لیستی پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان Checklist نەخشەکان، یان ڕاپۆرتەکان کە پێویستن دەبێت هاوپێچی داواکاری بێت.

[١٨] ڕووخاندن یان فراوانکردن پێوویستە ەشارەوانی پەیوەندیدار بە پی ی فۆڕمی تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات

[١٩] دەبێت Breakdown بۆ برگەکانی پرۆژە بکرێت.

## کۆدی فۆڕم BPRF٣ (بینای گشتی) Building Permission Request Form

**هەشتەم:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەنجامدانی کارەکانی بیناکردن | | | |
| چۆن ئەنجامدانی کاری بیناکردن پلانی بۆ دانراوە؟[٢٠] | | | |
| ٨-١ | هێشتا دیار نیە | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٨-٢ | لە ژێر چاودێری خۆم دەبێت؟ | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٨-٣ | هەموو کارەکان خۆم ئەنجامی دەدەم | بەڵێ ☐ | نەخێر ☐ |
| ٨-٤ | ئەنجامدەدرێت لە لایەن بەلێندەرێکی سەرەکی؟[٢١] | بەڵێ ☐ (بۆ خانەی ٨-٦) | نەخێر ☐ |
| ٨-٥ | ئەنجامدەدرێت لە لایەن بەلێندەرێکی لاوەکی؟[٢٢] | بەڵێ ☐ (بۆ خانەی ٨-٧) | نەخێر ☐ |
| | لە لایەن چەند بەڵێندەری لاوەکی ئەنجامدەدرێت؟ | | |
| | بۆ کام بەشی کاری بیناکردن بەڵێندەری لاوەکی دەخرێتەکار؟ | | |
| | ٨-٥-١ | | |
| | ٨-٥-٢ | | |
| | ٨-٥-٣ | | |
| | ٨-٥-٤ | | |
| | ٨-٥-٦ | | |
| | ٨-٥-٧ | | |
| ٨-٦ | زانیاری لەسەر بەڵێندەری سەرەکی | | |
| | ناوی بەڵێندەر | | |
| | ناونیشانی بەڵێندەر | | |
| ٦ | دۆکیومێنت و نەخشەپێویستەکان بۆ چێککردنەوەی لەگەڵ ڕێساکانی پلاندانان | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٧ | ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی شوێنەوار و خاک | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٨ | نەخشەکانی ئاستی بەرزی و بینا تێکەڵەکانیشی (Blending Building) تێدابێت | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٩ | وردەکاریەکانی فۆڕمی گشتی شێوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٠ | وێنەکانی حاڵەتی ئێستا و باڵەخانەکانی تەنیشتی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١١ | ڕاپۆرتی توانای بەرگەگرتنی خاک و پێکهاتەی جیۆلۆجی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٢ | شیکارەکان و نەخشەکانی دیزاینی سترەکچەر بە قۆناغەکانی جێبەجێکردنیشەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٣ | شیکارەکانی کارامەیی ووزە، تایبەتمەندیەکانی گەرمی و هەوا جێگیربوون | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٤ | ڕاپۆرتی هەڵمژینی دەنگ بۆ دیواری دەرەکی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٥ | ڕاپۆرتی جێگیرکردنی ڕووناکی چوونە ژوور | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٦ | ڕاپۆرتی هەواگۆرکێ و ووزە سەرفکردن و سووتانی ئۆکسجین | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٧ | ڕاپۆرتی سەلامەتی لە ئاگر و پەیدابوونی دووکەڵ | ☐ | ☐ | ☐ |
| ١٨ | ڕاپۆرتی جیاکردنەوەی ئاگر و دووکەڵ | ☐ | ☐ | ☐ |

[٧٠] ئەگەر بەکارهێنانی زەوی نەزانراو بوو ، یان نەخشەی کەرتی گۆڕانکاری بەسەرهاتبوو، ئەوا قۆناغی ١ کاری لەسەر دەکرێت

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩ | ڕێڕەوی هەڵاتن و ئاسانکاری سەلامەتی لە ئاگرکەوتنەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٠ | دابینکردنی ووزەی کارەبا ڕووناکی بۆ کاتی فریاگوزاری و لەناکاو | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢١ | ئاو هەڵمژینی کەرەستەی دیوار و سەقف و زەوی لەپێکهاتەکانی ئاوەڕۆ | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٢ | دابینکردنی پێکهاتەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی باران | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٣ | دابینکردنی پێکهاتەکانی کارەبا و ئاو و بەستانەوەیان بە خاڵی سەرەکی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٤ | دامەزراندنی هێڵی ئاوی پاک و گەرم | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٥ | دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕێگریکردن لە دزی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٦ | دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕێگریکردن لە بڵاوەی بۆنی ناخۆش | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٧ | دابینکردنی شوێنی زبڵ | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٨ | دابینکردنی شوێنی زبڵ و پاتشماوەی مەترسی دار | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٢٩ | دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ کەسانی کەمئەندام | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٠ | جیاکردنەوەی نهۆمەکان لە یەکتری بە پەیژەی ستاندارد و ڕەمپ | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣١ | جەختکردنەوە لە ستانداردی شوێنی سینک و تەباخ و بوونی ئاوی گەرم | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٢ | دیارکردنی شوێنی حمامات و توالێت و شافتی بەرزکەرەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٣ | جەختکردنەوە لە بەرزی نهۆمەکان بە گوێرەی طۆپۆگرافیای دەورو پشت | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٤ | جەختکردنەوە لە دیارکردنی شـوێنی کرانەوە بە ئاراسـتەی پیشـەوەی بینا و پیکهاتەکانی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٥ | ڕاپۆرتی سەلامەتی بیناکاری و سەلامەتی شوێنی کارکردنی بیناسازی | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٦ | دامەزراندنی کەرەستەی ئاگرکوژانەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٧ | دابینکردنی سەرچاوەی ئاو وە شوێنی پارککردن بۆ ئامیرەکانی ئاگرکوژێنەوە | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٨ | ڕاپۆرتی گونجانی خاک و پیس نەبوونی خاک | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٣٩ | جەختکردنەوە لە دابینکردنی شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبیل بە گوێرەی ستاندارد | ☐ | ☐ | ☐ |
| ٤٠ | ڕاپۆرتی کوالیتی ماددەکان بینا و چۆنیەتی بەکارهاتنیان | ☒ | ☐ | ☐ |

٢- CHECKLIST چێک لیستی دۆکیومێنتەکانی مۆڵەتی وەبەرهێنان هاوپێچی فۆڕمی داواکردنی مۆڵەتی بینا

| | | |
|---|---|---|
| ١ | داواکاری مۆڵەت | ☐ |
| ٢ | وێنەیەك لە ناسنامەی کەسی داواکار | ☐ |
| ٣ | وێنەی تۆماری تازەکراوە بە جیاکردنەوەی زەوی | ☐ |
| ٤ | چەسپاندنی سنوور تازەکراوە | ☐ |
| ٥ | نەخشەی بینا (معماری ، سترەکچەر، بادلۆ، کارەبا، میکانیك، ئاو ئاوەڕۆ) | ☐ |
| ٦ | عقد نووسینگەی ئەندازیاری | ☐ |
| ٧ | بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی | ☐ |
| ٨ | مۆڵەتی وەبەرهێنان | ☐ |
| ٩ | ڕەزامەندی ئاسایشی ناوەخۆ ( ئەگەر پێویست بیت) | ☐ |
| ١٠ | ڕەزامەندی کارەبا و کێبلاتی میحوەری | ☐ |
| ١١ | ڕەزامەندی ژینگە [٧١] | ☐ |
| ١٢ | ڕەزامەندی باجی خانووبەرە | ☐ |
| ١٣ | ڕەزامەندی باجی دەرامەت | ☐ |
| ١٤ | ڕەزامەندی شوێنەوار | ☐ |
| ١٥ | ڕەزامەندی بەرگری شارستانی [٧٢] | ☐ |
| ١٦ | ڕەزامەندی ئاو و ئاوەڕۆ | ☐ |
| ١٧ | ڕەزامەندی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون یان (ڕێگاوبان)<br>( ئەگەر پێویست بیت) | ☒ |
| ١٨ | ڕەزامەندی گواستنەوە و گەیاندن | ☒ |
| ١٩ | ڕەزامەندی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | ☐ |

[٧١] بۆ پرۆژە ستەاتیژیەکان ڕاپۆڕتی Environmental Impact Assessment به پەسەندکراوی هاوپێچ بکرێت

[٧٢] لە دەستپێکی درووستکردن ڕەزامەندی سەرەتایی دەهێنرێت بە ئاگادارکردن و پابەندبوونی مۆڵەت وەرگر سەبارەت بە مەرجەکانی بەرگری شارستانی شارەکە، پاشان رەزامەندی کۆتایی دەهێنرێت پێش دەرچوونی بڕوانامەی بینا ، کە خاوەن مولک (داواکاری مۆڵەت) هەموو ڕێکاری یاسایی و سەلامەتی جێ بە جێ کردووە.

**یازدەم**: کلێشەی بڕوانامەی تەواوکردنی بینا

Kurdistan Regional Government
Ministry of Municipality and Tourism
Municipality Presidency of ..........

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی .............

**BUILDING COMPLETION CERTIFICATE بڕوانامەی تەواوکردنی بینا**

ژمارە:    بەروار:   /   /    ژمارەی فایل:

دوای سەردانیکردن و پشکنینی ئەو موڵکەی کە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە، وە بەراوردکردنی هەموو ووردەکاریەکانی داواکراو لە نەخشەکان و داتاکانی پێشکەش کرابوو بۆ ڕێپێدانی بینا بۆ فەرمانگەکەمان ، وە دوای بە دواداچوونەوە بۆ جێبە جێکردنیان، لایەنگری دەکەین کەوا ئەو پێکهاتەیە هەر وەکو داوای لێکراوە درووستکراوە و هاوچەشنی نەخشەکانە .

١ مەبەست لە بەکارهێنانی پێکهاتە
٢ لەسەر پارچە زەوی ژمارە ........................... کەرتی ........................... درووستکراوە
٣ بە ڕووبەری ........................... م٢
٤ بۆ هاوڵاتی / کۆمپانیا

| واژوو | ئەندام | ئەندام | سەرۆک بەشی ڕێپێدانی بینا |
|---|---|---|---|
| ناو | | | |
| ناونیشانی وەزیفی | | | |
| بەروار | | | |

مۆر یان
هۆلۆگرامی
فەرمانگە

**دوازدەم:** فۆرمی لایەنگری بەرهەڵستی نەکردن

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی شارەوانی و
گەشتووگوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی
.............

Kurdistan Regional Government
Ministry of Municipality and Tourism
Municipality Presidency of ..........

## فۆرمی لایەنگری بەرهەڵستی نەکردن

لایەنگری دەکەین وە هیچ بەرهەلستی ناکەین لە ڕێپێدانی دروستکردنی (                ) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (                ) بە ڕووبەری (          ) م٢ بۆ هاوڵاتی (                ).

تێبینی [٧٣] : فەرمانگە پەیوەندارەکانی خوارەوە لە کاتی واژووکردن لایەنگری دەکەن و بەرهەڵستی ناکەن بۆ دروستکردنی بینا لەم شوێنە، وە لە ئەگەری هەر تێبینیەک دەبێت بنووسرێت.

| ژ | فەرمانگە | ناوی فەرمانبەر | ناونیشانی فەرمانبەر | بەروار | مۆری فەرمانگە | تێبینیەکان (ئەگەر هەبێت) [٧٤] |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەی ژینگە | | | | | |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە | | | | | |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت | | | | | |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار | | | | | |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی | | | | | |

[٧٣] مۆڵەتی نیشتەجێ پێویست بە تەنها ڕەزامەندی فەرمانگەکانی(٢، ٦، ٧) دەکات
مۆڵەتی بازرگانی  پێویست بە تەنها ڕەزامەندی فەرمانگەکانی(١ تاکو ٧) دەکات.
مۆڵەتی پیشەسازی  پێویست بە تەنها ڕەزامەندی فەرمانگەکانی (١، ٣، ٥، ٦، ٧) دەکات.
مۆڵەتی بینای گشتی  پێویست بە تەنها ڕەزامەندی فەرمانگەکانی (١، ٤، ٥، ٦، ٧) دەکات.
مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان  پێویست بە تەنها ڕەزامەندی هەموو فەرمانگەکان دەکات

[٧٤] ئەگەر تێبینیەکان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبوو، ئەوا دەتوانیت لە لاپەرەی سێیەم بینووسیت.

## فۆڕمی لایەنگری بەرهەڵستی نەکردن

| ژ | فەرمانگە | ناوی فەرمانبەر | ناونیشانی فەرمانبەر | بەروار | مۆری فەرمانگە | تێبینیەکان (ئەگەر هەبیت) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ | | | | | |
| ٧ | بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا | | | | | |
| ٨ | بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون یان (ڕێگاوبان) | | | | | |
| ٩ | بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوە و گەیاندن | | | | | |
| ١٠ | بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | | | | | |

**ڕوونکردنەوەی زیاتری تێبینیەکان:**

**ناوی سەرۆک بەشی ڕێپێدانی بینا:**
**واژوو:**
**بەروار:**
**مۆری فەرمانگە:**

## بەشی دووەم: ڕێنمایی و بەرزەفتە پلانسازی و بیناسازییەکان

**ماددەی (٥): ڕێنمایی ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی:**

نەخشەی کەرتی (وردەکاری) بنچینەی کارە هونەری و تەکنیکی و پلانسازییەکانی هەر شار و شارو شارۆچکەیەکە و پێویستە ڕەچاوی تەواوی ڕێکارەکانی ئامادەکردن و پەسەندکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بکرێت بەپێی بڕگەکانی (یەکەم، دووەم و سێیەم)ی ئەم ماددەیە:

**یەکەم: ڕێکارەکانی ئامادە کردنی نەخشەی کەرتی بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت :**

١- نەخشەی کەرتی دەبێت لەلایەن نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئامادە بکرێت لەسەر بنەمای پێویستی شارەوانی و بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی نەخشەکە وەك خۆی دەکەوێتە ئەستۆی شارەوانی پەیوەندیدار.

٢- نەخشەی کەرتی بۆ زۆنێك یان سێکتەرێك ئامادە دەکرێت کە لە بنەڕەتدا ئەو شوێنە بکەوێتە ناو سنوری نەخشەی بنەڕەتی (Master plan) پەسەند کراو، وە بەکارهێنان ( LAND USE) ی بۆ دەستنیشان کرابێت.

٣- دەتوانرێت نەخشەی کەرتی وەك پرۆژە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ئامادە بکرێت لە ڕێگای کەرتی تایبەت (کۆمپانیا یا نوسینگەی پسپۆڕ).

٤- لە کاتی پێویستی زۆردا بڕیار لەسەر ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی دەدرێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکاری بەهەدەردانی زەوی کە لەدوا ڕۆژدا قەرەبوو نابێتەوە وئەمەش دژی بنەماکانی بابەتی (Sustainability )ە.

٥- لەکاتی ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی ڕەچاوی گرتنەبەری هەنگاوەکانی پلاندانان بکرێت بەم شێوەی خوارەوە :

أ- دیاریکردنی ئامانج لە ئامادە کردنی نەخشەی کەرتی بۆ شوێنی دەستنیشان کراو.

ب- کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و ڕووپێوی ورد و نەخشەی تۆبۆگرافی لەسەر پێگەی ئەو بەشەی کە بڕیارە نەخشەی کەرتی بۆ ئامادە بکرێت و لەگەڵ دیراسەتکردنی چۆنیەتی بەستنەوەی بە دەوروپشتەکەیەوە .

ج- دابەزاندنی نەخشەی کادسترۆی ئەو ناوچەیەی کە نەخشەی کەرتی بۆ ئامادە دەکرێت کە ژمارەی زەویەکان بە ڕونی دیاربێت . لەگەڵ زانیاری تەواو لەسەر خاوەنداریەتی زەویەکان .

د- پابەند بوون بە ستانداردی پلانسازی پەسەند کراو لە کاتی ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی وە بە پەیرەوکردنی پێوەرەکانی پلانسازی ئاوەدانی لە (Housing Technical Standards) و ڕێسا بەرکارەکان هەرێمی کوردستان.

ە- لە کاتی ئامادەکردنی نەخشەی کەرتیدا ڕەچاوی ڕەخساندنی هەلی کار بکرێت .

و- دیاری کردنی پرۆژەی ڕێگە پێدراو و قەدەغەکراو لە هەر بەکار هێنانێکی دەستنیشانکراو لە نەخشە کەرتییەکان .

ز- پەیڕەوکردنی پرەنسیپی ڕاوێژکردن و بەشداری پێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان ( کشتوکاڵ، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا ،گەیاندن ......هتد) و پسپۆڕانی بواری نەخشەسازی لە کاتی ئامادە کردنی پێشنیار (Proposal) ی نەخشەی کەرتی بە مەبەستی بەستنەوەی هەموو ئاستەکانی نەخشەدانان .

ح- دەکرێت چەند پێشنیارێك ئامادە بکرێت و دوای هەڵسەنگاندن باشترینیان هەڵبژێدرێت، یان پێشنیاری کۆتایی بریتی بێت لە ئاوێتەکردنی بیرۆکە باشەکانی پێشنیارە سەرەتاییەکان بێت.

٦- پاش ئامادەکردنی پێشنیار( Proposal)ی کۆتایی نەخشەی کەرتی پێویستە دیزاینی ئاوەدانی ( Urban Design) ئامادە بکرێت کە پێکدێت لە کۆمەڵێك وردەکاری وەك ئەمانەی خوارەوە:

أ- دیاری کردنی رێژەی بیناکراو لە هەر نهۆمێك.

ب- رێژەی کراوە لە ئاستی ڕووبەری پارچە زەوی ( Plot Area).

ج- دیاری کردنی بڕی کشانەوە لە ڕووی پارچە زەویەکان (Frontage) .

د- بەرزی بینا.

هـ- دیزاینی شەقامەکان بکرێت و ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- بەکارهێنەرە جیاوازەکان وەك ( پیادە ، ئۆتۆمبیل ،ماتۆرسکیل ، بایسکیل ،کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت).

٢- شوێنی پەڕینەوەی پیادە دیاری بکرێت . بە جۆرێك ڕێڕەوەکانی پەڕینەوە تۆڕێکی بەستراوبێت و سەلامەتی هاوڵاتی ئاسایی و خاوەن پێداویستی تایبەت ڕەچاو بکرێت.

٣- دیاری کردنی جۆری کەرەستەی بینای گونجاو بۆ ڕوپۆش کردنی ( PAVEMENT) ڕێڕەوەکانی پیادە شۆستە و ڕەمپ بە پێی ستاندارد.

٤- دیاری کردنی پێداویستیەکانی شەقام (STREET SCAPE AND FURNITURE) وەك شوێنی تایبەت بە پشودانی پیادە شوێنی فرێدانی خۆڵ و خاشاك سەوزایی و دار و درەخت و ڕوناککەرەوە.

٥- دەکرێت هەندێك شەقام تایبەت بکرێت بە پیادە ( CAR- FREEZONE).

٦- تەواوی وردەکاری و داتا و زانیاری لەسەر نەخشە کەرتیەکە بە شێوەی ( GIS) دابنرێت کە یارمەتیدەر دە بێت لەسەر چۆ نیە تی مامەڵە کردن لەگەڵ نەخشەکە و بەستنەوەی بە تەواوی زا نیاری و خزمەتگوزارییەکان.

٧- سەرجەم تۆڕەکانی (ئاو و ئاوەڕ، کارەبا و هێڵەکانی گەیاندن) دابەزێنرێتە سەر نەخشەی کەرتی لەلایەن فەرمانگە پەیوەندارەکان.

٨- ئەو شارۆچکانەی کە نەخشەی بنەڕەتییان نییە، ڕێنمایی ڕێکخستنەوەیان بۆ پێشنیار دەکرێت هەتا ئەو کاتەی نەخشەی بنەڕتییان بۆ ئامادە دەکرێت .

٩- ئەو نەخشە کەرتیانەی کە لە ڕێگای کەرتی تایبەت (کۆمپانیا، یان نوسینگە تەلارسازییەکان) ئامادە دەکرێت پێویستە لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پێداچونەوە بە مەرجە هونەری و یاساییەکانیدا بکرێت.

١٠- ڕێنمایی دابنرێت لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی بۆ ئەو نەخشە کەرتییانەی کە بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان یان کەرتی تایبەت (کۆمپانیا، نوسینگەی تەلارسازیەکان) ڕادەسپێردرێن بە ئامادە کردنی.

**دووەم: ڕێکارەکانی پەسەندکردنی نەخشەی کەرتی بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت:**

١- ڕەزامەندی سەرەتایی لەسەر نەخشەکە وەردەگیرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و دەنێردرێت بۆ شارەوانی پەیوەندیدار.

٢- نەخشەکە جاڕدانی بۆ دەکرێت بۆ ماوەی یاسایی بەپێی ماددەکانی (٢٥ و ٢٦) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو.

٣- لایەنە پەیوەندارەکان (شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی) دەبێت پابەندبن بە دیراسەتکردن و وردبینیکردنی ڕەخنە و پێشنیاری فەرمانگەکان و هاوڵاتیان و گەڕاندنەوەی نەخشەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان لەو ماوە یاساییەی لە مادەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە دیاری کراوە (هەفتەیەك پاش تەواو بونی ماوەی جاڕدانەکە)، بە پێچەوانەوە، کەمتەرخەم تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت.

٤- نابێت هیچ گوژمەیەك خەرج بکرێت بۆ دابەزاندنی نەخشە کەرتیەکان لەسەر زەوی هەتاوەکو نەخشەکە پەسەندی کۆتایی دەکرێت لە لایەن بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پەیوەندیدار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

٥- بە هیچ شێوەیەك کاری دابەشکردنی زەوی بە شێوەی کارت یان بە هەرشێوەیەکی تر نەکرێت هەتاوەکو نەخشەکە پەسەندی کۆتایی دەکرێت لەلایەن بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پەیوەندیدار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و وێنەی تۆماری سەربەخۆ بۆ تەواوی پارچە زەویەکان دەردەچێت لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی پەیوەندیدار.

**سێیەم: ڕێکارەکانی مامەڵە کردن لە گەڵ نەخشەی کەرتی پەسندکراو بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت:**

١- نەخشەی کەرتی بە یاسا پەسەنددەکرێت هەرگۆڕانکارێک لە نەخشەی کەرتی پەسەندکراو بە بێ گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکانی گۆڕینی بەکارهێنان و ڕەگەزی زەوی بە شکاندنی یاسا ئەژمار دەکرێت بۆیە:

أ- لە پاش پەسەندکردنی نەخشەی کەرتی، ڕێگە نادرێت بە گۆڕینی بەکارهێنانی زەویەکانی ( خزمەتگوزاری ، سەوزایی، بینای گشتی، بازرگانی ، هتد..)،گۆڕینی ئەو بەکارهێنانانە تەنها لە کاتی بوونی هۆکاری بە هێزی پلاندسازی و پاڵپشتی یا ساییدا ئەنجام دەدرێت، ئەویش بە وەرگرتنی ڕەزامەندی پلاندسازی. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە داتا و پۆلێنکردن بکرێت بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکان لە نەخشە کەرتییەکان لە ناوچە جیاوازەکان (نیشتەجێ، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، گواستنەوە، دارستان و پارك و سەوزایی،هتد )

ب- گۆڕینی شەقامە نیشتەجێیەکان بەمەبەستی بازرگانی و تێکەڵاو سنوودار کراو دەبێت و لە کاتی ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی ڕەچاو بڕی پێویست لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری و بازرگانی بکرێت بەپێی ژمارەی دانیشتوان بە مەبەستی نەهێشتن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی کە دروست دەبن بەهۆی گۆڕینی بەکارهێنانی شەقامەکان کە چەندین کێشە دروست دەکات وەك :

١- لە دەست دانی تایبەتمەندی ناوچە نیشتەجێیەکان .

٢- دروست بونی قەرەباڵغی بە هۆی نەبوونی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیل.

٣- دروستبوونی نا هاوسەنگی لە بەکارهێنانەکانی ناو گەڕەکە نیشتەجێکان.

٤- شێواندنی سیمای تەلارسازی شار، ئەمەش لە دەرەنجامی ئەوەی کە زەوییەکان لە بنەڕەتدا بەکارهێنانیان نیشتەجێ بوون و مەرج نیە هەموو خاوەن زەوییەکان توانای ماددیان هەبێت بۆ دروستکردنی بینای باڵاخانەی بازرگانی لە ئەنجامدا چەندین زەوی بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.

**ماددەی (٦):**

ڕێنمایی ڕێکخستنەوەی تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژە جۆراوجۆرەکانی ناو سنووری قەدەغەکراوەکانی ماستەرپلان (نەخشەی بنەڕەتی) ی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ناوەرۆکی هاتوو لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە دەبێت:

**یەکەم : ئامانجەکانی ڕێکخستنەوەی تەرخان کردنی زەوی لە ناو سنووری قەدەغەکراوەکانی ماستەرپلان:**

١- سودمەندبوونی هاووڵاتیان لەو زەویانەی هەیانە لە ناو سنووری قەدەغەکراوەکان هەتا ئەو کاتەی شارەوانی پێویستی پێیان دەبێت.

٢- سوودوەرگرتن لەو زەویانەی دەکەونە ناو قەدەغەکراوەکان لە بواری پێشکەوتنی سێکتەری کشتوکاڵی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان.

٣- کەمکردنەوەی بارگرانی قەرەبووکردنەوە لەسەر شارەوانی لە کاتی فراوانبوونی سنووری شارەوانی بۆ سەر ڕووبەری قەدەغەکراوی ماستەرپلان.

**دووەم : ئەو جۆرە پرۆژانەی خوارەوە ڕەزامەندی پلانسازییان پێ دەدرێت :**

١- ئەو جۆرە پرۆژانەی کە لە کاتی فراوانبوونی نەخشەی بنەڕەتیدا هیچ کێشەیەکی ژینگەیی دروست ناکەن لەسەر دەوروبەریان و دەکرێت دانیشتوانی ناوچەکە سوودی لێوەربگرن وەك پرۆژەکانی (خزمەتگوزاری و گەشتیاری و وەرزشی و ترفیهی ... هتد)، بە مەرجێك لە کاتی ڕێکخستنەوەی ناوچەکەدا و بەستنەوەی بە نەخشەی بنەڕەتیەوە لە دوا ڕۆژدا خاوەن پرۆژەکە داوای قەرەبووی ئەو بەشانەی پرۆژەکە نەکات کە بە بەر شەقام دەکەون یان شارەوانی پێویستی پێیان دەبێت.

٢- ڕێگە بە تەرخانکردنی پرۆژە کشتوکاڵیەکان بدرێت بە مەرجێك شوێنی پێشنیارکراو بۆ پرۆژەکان گونجاوبێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی کشتوکاڵ ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٢١) و

ڕێنماییەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (١)ی ساڵی(٢٠١٣) و ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکانی هەبێت.

٣- پرۆژەکانی پیشەسازی و کۆگا و پێشانگا:

أ- ئەم پرۆژانە لە بلۆکی تایبەتی لە ناوچە پیشەسازیەکانی ناو سنوری نەخشە بنەڕەتی و کەرتیە پەسەندکراوەکان تەرخان دەکرێت . لە کاتی نەمانی زەوی لە ناوچە پیشەسازیەکان پێویستە (سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان ) هەماهەنگی بکەن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دیاری کردنی ناوچەیەک لەناو سنوری قەدەغەکراوەکان بۆ بەکارهینانی وەک ناوچەی پیشەسازی و هەموو ڕێکارە هونەری و یاساییەکانی کوژانەوە و ئامادە کردن و پە سەند کردنی نەخشە تەواو بکرێت لە پا شان ڕێکارەکانی تەرخان کردن ئەنجام بدرێت کە ئامانج لەم کارە کۆکردنەوەی کارگە و کۆگاگان و کەمکردنەوەی لێکەوتە نەرێنیەکانە لەسەر ژینگەی ناوچەکە .

ب- لە حاڵەتی زۆر پێویســـت ڕێگە بە تەرخـان کردنی ئەو پرۆژانە دەدرێت کە بە فەرمی وەک پرۆژەی ستراتیجی پێناس کراون و پشت بە سەرچاوەی سرو شتی دەبە ستن کە ئەو سەرچاوانە دەکەونە ناو قەدەغە کراوەکانی نەخشـــەی بنەڕەتی شــارو شــارۆچکەکان بە مەرجێک پرۆژەکە گونجاو بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی دەســتەی پاراســتن و چاککردنی ژینگە ژمارە (١)ی ســاڵی(٢٠١٣) و ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکانی هەبێت .

**سێیەم: مەرجەکانی پێدانی ڕەزامەندی:**

١- هەر پرۆژەیەك کە پێشـنیار دەکرێت پێویسـتە کێشـەی موڵکایەتی و خاوەنداریەتی زەویەکە چارەسـەر کرابێت لە ڕووی یاساییەوە.

٢- بەڵێننامەی یاســایی وەربگیرێت لە خاوەن پرۆژەکان لە کاتی فراوانبوونی نەخشـــەی بنەڕەتی شـــار و شارۆچکەکان داوای قەرەبـــووی درو ستکراوەکان و چێـــنراوەکان (منشأت و مغرو سات) نەکەن، تەنها زەویەکەی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان قەرەبووی دەکرێتە

**ماددەی (٧):**

ڕێنمایی بەکارهێنانی زەوی جێهێڵراو (متروكة) و تەواوکەری بینا بەپێی ناوەرۆکی هاتوو لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە دەبێت:

**یەکەم: هۆکارەکانی درووست بوونی زەوی جێهێڵراو :**

١- لەکاتی جێ بەجێ کردنی نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕێکخستنی ناوچەیەک .

٢- لە کاتی فراوان کردن و کردنەوەی ڕێگای گشـتی نوێ یاخود ئەو رووبەرانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی شـــەقامەکان دەمێنێتەوە لە پشـــت یان لە تەنشـــت ئەو مولکانەی کە دەکەونە ســـەر ڕێرەوی شـــەقامە جێبەجێکراوەکە .

٣- لە کاتی خۆماڵە کردنی بەشێک لە موڵکەکان .

٤- لە ئەنجامی پێکگەشتنی دوو کەرت یان زیاتر لە نەخشەی کادسترۆ لە کاتی ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی.

**دووەم: ڕێکارەکانی فرۆشتن و بەکارهێنانی زەوی جێهێڵراو:**

١- داواکاری پێشکەش دەکرێت لەلایەن خاوەن مولک بۆ شارەوانی بە مەبەستی کڕینەوەی زەوی جێهێڵراو .

٢- پشـــکنین بۆ پارچر زەیەکە لە لایەن لیژنەیێکی هاوبەش لە نێوان شـــارەوانی پەیوەندیدار و فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت(مەرجە بەشـــداربوان ڕوپێوی نەخشـــەبێن) بە مەبەســـتی ئامادەکاری هێلکاری چەســـپاندنی باری ئێســـتا (واقع الحال) ی شـــوێنەکە و دلنیایی بونی جێهێلراو و ڕێکخســـتنی نەخشـــە پێش جیاکردنەوە و پاش جیاکردنەوەی زەوی جێهێڵراو و دیاریکردنی ڕوبەر و سنوری جێهێڵراوەکان لەو حالەتانەی کە جێهێڵراوەکە پارچەکی سەربەخۆ ژمارەی پێنەدرابوو.

٣- وەرگرتنی ڕای پلانسازی لەسەر فرشتنی زەوی جێهێلراو بە خاوەن داوا .

٤- دەرکردنی بڕیاری ئەنجومەن .

٥- خەملاندنی نرخی زەوی جێهێڵراو لەلایەن لێژنەی خەملاندنی پێک هاتوو بەپێی یاســـای فرۆشـــتن و بەکرێدانی مولک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١) ی ســـاڵی (٢٠٢١) و دواتر تۆمارکردنی بەناوی خاوەن داوا وە بە نرخێکی نزیک لە نرخی بازار بەڵام ئەگەر جێهێڵراوەکە مەرجەکانی خاڵی (٢) ی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیی تێدا بێت بە نرخی ڕاستەقینە دەخەملێنرێت .

٦- ئەنجومەن بۆی هەیە هەر جێهێڵراوێک کە لە ئەنجامی خۆماڵەکردنی بەشێک لە مولکێکی تر پەیدا بووە وەک جێهێڵراو بە خاوەن مولکەکانی تەنشتی بفرۆشێ ئەگەر ئەو بەشەی ماوتەوە مەرجەکانی بۆنە جێهێڵراوی تێدابوو.

٧- ئەگەر ئەو موڵکەی دەکەوێتە تەنیشت جێهێڵراوەکە مولکیەتی بۆ زیاتر لە یەک کەس بگەرێتەوە ئەوە بە شێوەی هاوبەش (سهم) هەموویان دەفرۆ شرێتەوە بەپێی پ شکی خۆیان لە موڵکەکە یاخوود ئەگەر خۆیان ڕەزامەند بوون بۆ یەکێک یان زیاتر لە خاوەن پشکەکان بفرۆشێت.

٨- ئەگەر جێهێڵراوەکە لە سنووری ژمارەیەکی زۆر موڵکی تربێت ئەوا بەسەر ئەم موڵکانە دابەش دەکرێت بەپێی سنوور و ڕووبەریان کە دەکەوێتە تەنیشت و پشت یان پێشیان .

٩- ئەگەر ڕووبەری جێهێڵراوە لە نێوان دوو موڵک بێت ئەوا بە یەکسانی دابە شی هەردوو مولکی تەنیشتی دەبێت. وە ئەگەر لایەنێکیان پێویستی بەم کڕینەوە نەبوو یاخود ئامادە نەبوو بیکرێتەوە ئەوا پێو ستە بە شێوەی فەرمی دەست هەڵگرتن بکات بۆ لایەنەکەی تر .

١٠- پێویستە ڕووبەرو سنووری جێهێڵراوەکان لەلایەن ڕووپێوی ڕێگەپێدراو بە نەخشە ڕێکخرابێت و پەسەندکرابێت.

**سێیەم :مەرج و هۆکارەکانی بەکارهێنانی تەواوکەری بینا:**

١- زەوی شارەوانی کە ناتوانرێت سوودی لێ وەرگیرێت لە پرۆژەکانی داهاتووی شارەوانی.

٢- کاریگەری نەرێنی دروست نەکات لەسەر زەوی دەوروبەری کە مولکی شارەوانیە لە ڕووی ئابووری و هاوسەنگی بازاڕ .

٣- کاریگەری نەرێنی دروست نەکات لەسەر زوییەکانی دەورووبەری کە مولکی تایبەتن لە ڕووی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، بە مەرجی لارینەبوونی لایەنەکانی دەورووبەری لەرێگای ئاگادارکردنەوی فەرمی وە وەربگیرێت هەروەها کاریگەری لەسەر ڕێکخستنی گشتی ناوجەکە نەبێت .

٤- شێوەو ڕووبەری زەویەکە دوای زیادکردنی گونجاو بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی پلانسازی و بینای کارپێکراوەکان لە ناوچەکە .

٥- پێویستە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار وەربگیرێت بەپێی پەیوەندی لەکاتی لادانی هەر دروستکراوێک ئەگەر هەبوو لە سەر زوەی تەواوکەری بیناکە وە تێچووی هەلگرتنی ئەکەوێتە ئەستۆی سوودمەند لە تەواوکەری بینا.

٦- بەکارهێنانی تەواوکەری بینا کاریگەری دروست نەکات لەسەر گۆشەی بینین .

٧- ناکرێت زیادکردن لە رووبەرێک بکرێت کە پێشووتر زیادەرووبەری بەکارهێنابێت.

٨- بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوەی ڕووبەری زەویەکە و زیادکردنی ڕووبەر پێویستە لەگەڵ مەرج و بەرزفتەی تایبەت بە رووبەری پرۆژەکانی تایبەت و ستراتیژیەکان بگونجێت .

**چوارەم :بەڵگە نامە ورێکارە پێویستەکان بۆ بەکارهێنانی رووبەری تەواوکەری بینا:**

١- داواکاری پێشکەش بە شارەوانی دەکرێت کە ئامانج و پێوستی زیادە رووبەر دیاری بکات وە وێنەی ئەمانەی لای خوارەوەی لەگەڵ بێت :

٢-وێنەی تۆماری (ڕووبەری بنەڕەتی) وژمارەی زەوی داواکراو وەک تەواوکەری بینا .
٣-چەسپاندنی سنووری ڕووبەری زەوی بنەرەتی و تەواوکەری بینا .
٤-دیراســـەتی داواکاریەکە دەکرێت لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار لە شـــارەوانی بە ڕەچاوکردنی تەواوی مەرجەکان و ڕەهەندە کاریگەرییەکان ئاماژەپێکراو لە خالەکانی بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە
٥- پێویستە گشت بەرابیەکان بنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخشە دانانی ئاوەدانی پارێزگا بۆ دەربرینی ڕای پلانسازی لە سەر گۆڕانکاریەکە و پێویستە بەنوو سراوی فەرمی و بەڕا شکاوانە ڕای پلانسازی بەرزبکەنەوە بۆ وەزارەت بەمەبەستی پاراستنی ستاندەرەکان لەنەخشـەی کەرتیەکاندا.ئەگەر ڕای پلانسازی پشتگیری گۆڕانکاریەکەی نەکرد، پێویســـتە هۆکارەکان زانســـتی بێت و زۆر بە وردی ڕوون بکرێتەوە. وە هەر داتاو زانیاریەکی زیاتر کە بەپێی تایبەتمەندی کەیسەکان پێوستە بخرێتە سەر دۆسیەکە.
٦-دوای دراستکردنی بابەتەکە لە وەزارەت ،وەزیر بۆهەیە بابەتەکە بەرز بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی ماددەی (٣٤) لە یا سای فرۆ شتن و بەکرێدانی مولک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ بۆ فرۆشتنی زەوی تەواوکەری بینا بەشوەی هەلاوێرد.
٧- لە حالەتی گۆرانکاری لە بەکارهێنانی زەویدا ،پێویســـتە ســـەرۆکی شـــارەوانی گشـــت بەرابیەکان بخاتە بەردەســـت ئەنجومەنی شـــارەوانی و لەلایەن لێپرســـراوی هونەریەوە داواکاریەکە و هۆکارەکان و ڕای پلانسازی نەخشە دانانی ئاوەدانی ڕوون بکرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکرێت بۆ بریاردان لەسەر ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکە و دواتر بڕیاری ئەنجومەنی شـــارەوانی ئامادە بکرێت و بەڕوونی لەبڕیارەکەدا گۆڕانکاریەکە ڕوون بکرێتەوە لەگەڵ هۆکارەکان و بڵاوبکرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ پاڵپشـــت بە یاســـای بەرێوەبردنی شـــارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ســـاڵی ١٩٩٣ی هەمواركراو، بۆ ئاگاداری هاوڵاتیان و لایەنەپەیوەندیدارەکان و وێنەی بدرێت بەوەزارەت و سەرۆکی یەکەی کارگێری.
٨-بەڵێنامە
٩-نەرخی زوەی یان کرێی زەوەی تەواوکەری بینا

**ماددەی (٨): ڕێنمایی بینا فرە نهۆمی (نیشتەجی، بازرگانی،گشتی)**

**یەکەم : ئامانجەکانی رێکخستنەوەی بینای فرە نهۆمی:**

١- هاوسەنگی ڕاگرتنی چڕی نیشتەجێبوون
٢- بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە زەوی بەگشتی و ڕێگخستنی فراوان بوونی شار لە پلانی درێژخایەن .
٣- پاراستنی هاوسەنگی لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و خزمەتگوزاریەکانی ژێرخان.
٤- رێکخستنی شێوازی تەلارسازی و پلانسازی شار

**دووەم: دەستنیشانکردنی شوێنی بینای فرە نهۆمی :**

١- بەپێی تایبەتمەندی ناوچە ، پێوســتە لە کاتی ئامادەکردنی نەخشـەی بنەڕەتی(ماســتەر پلان) و نەخشـەی کەرتی(بەکارهێنانەکانی ماســتەر پلان) ڕەچاوی دەســتنیشــاکردنی شــوێن و رێنمای تایبەت بە بینای فرە نهۆمی بکرێت بۆ ناوچەی باڵەخانەی فرە نهۆمییەکان ،ناوجەی باڵەخانەی وەبەرهێنان، ناوجەی باڵەخانەی پێکەوە لکاو، زەوی بۆ بینای فرە نهۆمی بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل بەم شێوەیەی لای خوارە:

أ- زۆنی بینای کەم بەرزی
ب- زۆنی بینای بەرز ،
ج- زۆنی تاوەر ،
د- زۆنی بینای هەیکەلی ئینشائی زەبەلاح

٢-ئەگەر لە ماستەر پلان زۆنی تایبەت بە بینای فرە نهۆمی دیاری نەکرابوو ، ئەوا پێی پێوستی و تایبەتمەندی هەر شارێک و دیدگای پەرەپێدان و ئاراستەی پلانسازی فراوانبوونی شارەکە (ستوونی، ئاسوی) ، زۆنی تایبەت بە بینای فرە نهۆمی لە سەر نەخشەی بنەرەتی دیاری دەکرێت لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە سەر پێشنیاری بەرێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆیەکان بە هەماهەنگی شارەوانی و لایەنەکانی تری پەیوندار بەو شێوەی کە لە خاڵی (١)ی بڕگەی دووەم باسکراوە.

**سێیەم:** بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و جۆری بینای فرە نهۆمی لە زۆنە دیاریکراوەکان پێوستە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە ڕەچاو بکرێت:

١- چڕی نیشتەجێبوون فاکتەری سەرەکی بێت بۆ دیاریکردنی ڕەگەزو بەکارهێنانەکانی زەوی.
٢- قەبارەی خزمەتگوزاری گشتی بۆ ناوچەکە(پەروەردەیی، تەندروستی، ئەمنی، ئاینی،سەوزایی،گۆرەپانی کراوە)
٣-پاراستن و دوور کەوتنەوە لە تێکدان و گۆرینی سروشت و تۆبۆگرافیا ناوجەکە.
٤- توانای ژێرخانی خزمەتگوزاری ناوچەکە (ئاو ، کارەبا ، ئاوەڕۆ) .
٥- توانای شەقام و شۆستەکان لە لەخۆگرتنی ژمارەی ئۆتۆمبێل و پیادە و هەروەها توانای دابینکرنی شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێل ولەخۆگرتن ژمارەی ئۆتۆمبێلە تایبەتەکان و ژمارەی ئۆتۆمبێل بە گشتی .

**چوارەم:** ڕێکار و فاکتەرە هونەری و یاسایەکانی ڕێپێدانی بینای فرەنهۆمی: هەر ڕێپێدانێک کە بۆ باڵەخانەی فرە نهۆمی دەدرێت دەبێت ئەم قۆناغانە ببڕێت لە چوارجێوەی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان:

١- بەپێی فۆرم و خشتەکانی ڕێپێدانی بینا دەبێت کە لە بڕگەکانی ماددەی چوارەمدا هاتووە.
٢-ڕێپێدانی پلانسازی وەربگرێت لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ هەموو جۆرەکانی پرۆژە بە هەر ڕووبەرێک بێت . ئامادەکردنی راپۆراتی ڕێپێدانی پلانسازی بەپێی ناوەرۆکی بڕگەی پێنجەمی ماددەی دووەم دەبێت

**پێنجەم : گۆڕینی بەکارهێنان** :ئەگەر زەویەک بکەوێتە سەر تەوەری بازرگانی یان تێکەڵاو وە ڕووبەرەکەی زیاتر بێت لە (٢ دۆنم ) ئەوکات ، خاوەنەکەی سەرپشک دەکرێت لە دیاری کردنی جۆری بەکارهێنانی گونجاو بۆ زەویەکە (نیشتەجێ ، بازرگانی ، تێکەڵاو) بە مەرجێک هەموو ڕێکارە یاسایی و هونەرییەکان گۆڕینی ڕەگەز ئەنجام بدرێت .

**شەشەم:** ئەگەر داواکار بەهۆی هۆکارێک یاخود چەند هۆکارێکەوە داوکاری رێپێدانی بینا فرە نهۆمی ڕەتکرایەوە ئەوا دەکرێت دووبارە داواکاری پێشکەشبکاتەوە ئەگەر هۆکاری ڕەتکردنەوەی چارەسەر کرابوو.

**حەوتەم** : پێوستە بەکارهێنانی بینا تەنها بۆ ئەو مەبەستەبێت کە رێپێدانی وەرگرتوە.

**هەشتەم**: پێویستە جیاکردنەوە و تۆمارکردنی نهۆمەکان لە پرۆژەکانی بینای فرە نهۆمی بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٧١) هەموارکراو و ڕێنماییەکانی بێت

**ماددەی (٩): ڕێنمایی چارەسەرکردنی هەیکەل و باڵەخانە تەواونەکراوەکان:**

**یەکەم**: شارەوانی پەیوەندیدار بەرپرسە لە پاراستنی سیمای شارستانی و تەلارسازی و پلانسازی شار، لە ڕێگای جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان و ڕێکارە بەرکارەکان لە ڕووی هونەری و یاسایی لە کاتی پێدانی مۆڵەتی بینا و ڕێگەنەدان بە بەردەوامی بەجێهێشتنی خانوو و باڵەخانە بە تەواونەکراوی و یان کردنی بە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل.

**دووەم**: پێدانی ئاگاداری بە خاوەن هەیکەل و باڵەخانە تەواونەکراوەکان لە ڕێگای تیمەکانی چاودێری شارەوانی و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی شارەوانی لەسەریان بە قۆناغ و خاوەن موڵك پابەند بکرێت بە تەواوکردنی خانوو یان باڵەخانەکەی، بە مەبەستی چاکسازیکردن لەو خانوو و باڵەخانە جێهێڵراوانەی کە تەواونەکراون و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی.

**سێیەم**: ئەو هەیکەل و بینا تەواونەکراوانەی کە بە هۆکاری جیاواز لەلایەن شارەوانی کارکردن تێیاندا ڕاگیراوە بە بە هۆکاری جیواز، چارەسەربکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

**١-** بۆ ئەو حاڵەتانەی کە مۆڵەت و نەخشەی پەسندکراوی هەیە بەڵام لە واقع حالدا پابەند نەبووە بە ناوەڕۆکی مۆڵەتەکەوە لە ڕووی هونەری و پلانسازیەوە ئەوا پێویستە:

أ- بە زووترین کات ئاگادارکردنەوە بدرێتە خاوەنەکانیان کە هۆکارەکانی ڕاگرتنەکە هەڵبگیرێت، وە ئەگەر ڕاگرتنەکە زیاتر لە (٤ ساڵ) بەسەریدا تێپەڕی بوو ئەوا پابەند دەکرێت بە دووبارە دەرهێنانی مۆڵەتی بینا. ئەم کارانە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ دیراسەت بکرێت لە سەرۆکایەتی شارەوانی کە ئەگەر ئەو سەرپێچیەی کە کراوە ئیمکانیەتی هەڵگرتنی هەیە، بەبێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی لە تۆکمەیی (بەهێزی و خۆراگری و سەلامەتی) بینا کە بکات (بە پشتگیری ڕاپۆرتی ڕاوێژکاری باوەڕپێکراو)، ئەوا هۆکاری ڕاگرتنە کە هەڵدەگیرێت بۆ دەست کردنەوە بە بینا کردن و غەرامە دەکرێت بەپێی یاسا و ڕێنمایی.

ب- ئەگەر لە ڕووی هونەری و پلانسازی سەرپێچیەکە لە (کشانەوە، ڕێژەی کراوە، یان بەرزی بینا کرابوو) وە نەتوانرا سەرپێچیەکە هەڵبگیرێت و هەڵگرتنەکە کاریگەری لەسەر تۆکمەیی و سەلامەتی بینا هەبوو (بەپێی پشتگیری ڕاپۆرتی راوێژکاری باوەڕپێکراو)، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەپێی توانا بیر لە چارەسەری بدیل بکرێت لەگەڵ پێبژاردن.

**٢-** ئەو حاڵەتانەی دەستیان بە دروستکردنی بینا کردووە (بەبێ مۆڵەت) واتا مۆڵەتی بینایان نییە:

أ- ئەوا ئاگادارکردنەوە بدرێتە خاوەنی بیناکان، بە زووترین کات پابەند بکرێت بە دەرهێنانی مۆڵەتی بینا، ئەگەر مەبەستی بینا گونجاو بێت لەگەڵ بەکارهێنانی زەوییەکە لە نەخشەی کەرتی و بنەڕەتی پەسەندکراوی ناوچەکە و وێنەی تۆماری سەربەخۆی هەبوو، وە دروستکردنی بیناکە و ئەو نەخشەی پێشکەشی دەکات بۆ مۆڵەت گونجاو بێت لەگەڵ تەواوی ڕێنماییەکان و ڕێکارەکانی مۆڵەتی بینا. ئەوا مۆڵەتی بینای پێدەدرێت و غەرامە دەکرێت بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

ب- ئەگەر مەبەستی بیناکە گونجاو بوو لەگەڵ بەکارهێنانی زەوییەکە و یان توانرا بگونجێنرێت بەڵام لە لایەنی هونەری دروستکردنی هەیکەلەکە کێشەی هەبوو لەگەڵ ڕێنمایەکانی مۆڵەتی بینا ئەوا هەمان ڕێکارەکانی برگەی سێیەم ، خاڵی یەکەم (أ) لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

ت- ئەگەر مەبەستی بینا گونجاو نەبوو لەگەڵ بەکارهێنانی زەوییەکە لە نەخشەی بنەرەتی و کەرتی پەسندکراو، ئەوا دوای دیراسەتکردن لەلایەن لیژنەی مۆڵەت بریاری دروست لەبارەی هەڵگرتنی سەرپێچیەکە **دەدرێت** دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکەی یان مۆڵەتی کاتی پێبدرێت و بەڵێنامەی لێ وەربگیرێت ئەگەر شارەوانی پێویستی بە زەوییەکە هەبوو لە پاشە ڕۆژ داوای قەرەبوونەکات. بەڵام ئەگەر پرۆژەکە گەورەبوو ئەوە دەکرێت ڕێکارە هونەری و پلانسازیەکانی گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی بۆ ئەنجام بدرێت و بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی بۆ دەربکرێت بە مەرجێک پێبژاردنی بۆ بکرێت بەپێی بە یاسا و ڕێنماییەکان لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی بەهای زەوییەکە کە دەخەملێنرێت لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ.

**چوارەم:** بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی هاتوو لەم ماددەیە ، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت.

١- پێکهێنانی لیژنەیەکی تەکنیکی لە شارەوانییەکان بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢- دیاری کردنی ماوەیەك کە لە (٣) مانگ تێپەر نەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکان.

٣- ئەم گشتاندنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو حاڵەتانەیە کە پێشتر ڕوویان داوە، ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە کە لە دوای ئەم گشتاندنە ڕوو دەدات بەڵکو پێویستە پابەندبکرێن بە مەرج و ڕێنماییەکانی شارەوانی لەسەرەتاوە.

٤- لە کاتی پێکهێنانی لیژنە ڕێکاری تایبەت بۆ کارکردنیان ئامادە دەکرێت.

٥- لیژنەیەکی باڵا پێکبهێنرێت بە سەرۆکایەتی (بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان) بۆ شارەوانیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان و سەرۆکی شارەوانی بۆ شارەوانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و ئەندامیەتی بەڕێوەبەری نەخشەدانانی ئاوەدانی، نوێنەری لیژنەکانی مۆڵەتدان و بەڕێوەبەری یاسایی و هونەری و لیژنەی خەمڵاندن. کە بڕیاری کۆتاییان لە لابێت بۆ ئەو کەیسانەی لەلایەن لیژنەکانی تر بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوەیان لەسەر نادرێت.

**ماددەی (١٠): ڕێنمایی ڕێکخستنەوەی بەکارهێنانی شەقام**

**یەکەم: ئامانجەکان:**

١- ڕێکخستنەوەی هاتووچۆی پیادە و ئۆتۆمبێل و بەکارهێنەرەکانی تری شەقام بە گوێرەی ئامانجی دیاریکراو بۆ شەقامەکە.

٢- ڕێکخستنەوەی سیمای شارستانی شەقامەکە.

٣- ڕێکخستنەوەی شەقام و شوێنە گشتیەکان لە سنووری شارەوانی شار و شارۆچکەکان.

٤- ڕێکخستنەوەی شێواز و ڕێکاری بە کرێدانی شەقام بەپێی تایبەتمەندی و ڕێکخستنەوەی داهاتەکەی.

**دووەم:**

١- شارەوانی پەیوەیدار بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پەیوەندار هەڵستن بەدیاریکردنی پێکهاتەکانی شەقام لە نەخشەی کەرتی شارەوانی و پۆلێنکردنی ئەو شەقامانەی کە نیاز وایە ڕێکخستنەوە و بە کرێدانی لەسەر ئەنجام بدرێت.

٢- دەتوانرێت ئەو بەشانە شەقام بە کرێ بدرێت کە نابنە ڕێگری هاتووچۆ و بەکارهێنانی سەرەکی شەقامەکە. بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو شوێنانەی لە ئێستادا بەکارهاتوون و بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندی شەقامەکە، هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە کۆسپ لە بەردەم هاتوچۆی شەقامەکان پێویستە هەڵبگیرێن و شوێنە بەکارهاتووەکان بە زێدەڕۆ ئەژمار دەکرێن.

٣- نەخشـــە (دیزاین) بۆ شـــەقامەکە دیاریکراوەکان ئامادە دەکرێت و دەبێت ئەم وردەکارییانەی خوارەوە لە خۆبگرێت:
أ- دیاریکردنی شوێنی پیادە و هاتووچۆی خاوەن پێداویستی تایبەت و بایسکیل، ئەگەر بوار هەبوو.
ب- دیاریکردنی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و شوێنی وەستانی مۆتۆرسکیل و باسکیل، ئەگەر پێویست بوو.
پ- دیاریکردنی شوێنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و مۆتۆرسکیل و بایسکیل، ئەگەر پێویست بوو.
ج- دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ڕێگەپێدراو.
د- دیاریکردنی شوێنی تابلۆکانی ڕیکلام (جوڵا و جێگیر) ئەگەر پێویست بوو.
٤- شێوازەکان بەکرێدان بەپێی کات و جۆری چالاکی دەبێت، بەم شێوەی خوارەوە:
أ- بەکرێدان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (چەند کاتژمێرێك) لە ڕۆژدا (بۆ نموونە پێش کافتریا و چێشتخانەکان).
ب- بەکرێدان بۆ چەند ڕۆژێکی دیاریکراو لە هەفتە.
پ- بەکرێدانی مانگانە و ساڵانە.
ج- بەکرێدان لە کاتی بۆنەکان و چالاکییە تایبەتتەکان.
٥- بەکرێدان بەشێوەی ڕێگەپێدانی فەرمی شارەوانی دەبێت پاش ئەنجامدانی گرێبەست بە بەکرێدانەکە.
٦- ئەو شوێنانەی کە پێشنیار دەکرێن بۆ کرێدان مەرج کە هاودژ نەبن لەگەڵ نەخشە و ماستەرپلانی ناوچەکە و ڕێنماییەکانی پاراستنی شوێنەواری و کەلەپوورییەکان.
٧-ئەگەر لەنەخشـەی ئامادەکراو پێویسـت بوو چارەسـەری شـەقامەکە بکرێت وەك لە خاڵەکانی سـەرەوە دا هاتووە، پێویستە ڕای لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت، بەپێی تایبەتمەندی بابەتەکە.
٨- ماوەی گرێبەسـت نابێت و دوای تەواوبوونی ماوەی گرێبەسـت، ئەگەر پێویسـت بێت بەپێی یاسـا و ڕێنماییەکان بەکرێ دەدرێتەوە.
٩- هەموو ئەو شەقامانەی کە ڕێکخستنەوە و بەکرێدان دەیانگرێتەوە پێویستە ژمارە یان کۆدیان بۆ دابنرێت، ئەگەر پێشتر ژمارە یان کۆد نەبووبێت.
١٠- هەموو ئەو زۆنانەی یان ئەو پارچە زەوییانەی کە لە شەقامەکاندا بەکرێ دەدرێت، پێویستە بەهەمان شێوە ژمارە یان کۆدیان بۆ دابنرێت و لەخشتەیەکدا هەموو وردەکاریەکانی ڕووندەکرێتەوە، وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

| | | |
|---|---|---|
| | شار/قەزا/ناحیە | |
| | گەڕەك | |
| | ژماری یان کۆدی شەقام | |
| | ژمارە یان کۆدی پارچە زەوی (شوێن) | |
| | ڕووبەری (م٢) | |
| | جۆری بەکارهێنانی ڕێگەپێدان | |
| | ماوەی بەکرێدان | |
| | نرخی _١م٢) لەکرێ بۆماوەی گرێبەست | |
| | ژمارەی گرێبەست | |
| | بەرواری واژووکردنی گرێبەست | |
| | بەرواری کۆتایی هاتنی گرێبەست | |

١١- ڕەچاوی لایەنی جوانکاری لە دیزایین بکرێت و پێویستە شارەوانی پەیوەندیدار هەموو ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی لە شوێنی بەکرێدراو دادەنرێت پەسەندیان بکات، پێش ئەوەی شوێنەکە بەکرێ بدرێت. ئەگەر پێویست بوو، هەندێك بابەتی وەك (عارەبانەی دە ستگێڕ، مێز و کورسی، کابینە، کەڕەڤانە،... هتد) لە ڕووی قەبارە، شێواز و ڕەنگ دیزاینی بۆ ڕێك بخات و پەسەندی بکات، بەمەبەستی جێبەجێکردنی.

١٢- هەر کاتێك ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی کە لە شوێنی بەکرێدراو دادەنرێن، پێویستیان بە خاوێنکردنەوە، چاککردنەوە، نوێکردنەوە و صیانەکردن هەبوو، پێویستە شارەوانی پەیوەندیدار ئاگاداری کرێگرتە بکاتەوە لەم بارەیەوە و ماوەیەکی دیاریکراو بە کرێگرتە بدات بۆ نوێکردنەوە و چاککردنەوە ئەگەر لەم ماوەیە کارەکە ئەنجام نەدرا، شارەوانی پەیوەندیدار بۆی هەیە گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوە و دووبارە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان شوێنەکە بەکرێ بداتەوە (لە گرێبەست ئەم خاڵە بە ڕوونی ئاماژەی پێ بکرێت).

١٣- لەکاتی گۆڕینی چالاکی، دەبێت ڕووبەری بەکرێدراو چۆڵ بکرێت و دووبارە ڕێگەپێدان وەربگیرێتەوە.

١٤- پێویستە کرێگرتەکان پابەند بن بە ڕێنماییە تەندروستییەکان و پاك ڕاگرتنی شۆستە و شەقام (لە ئەگەری پابەند نەبوون دەبێت پێبژاردن بدات) و ئەگەر خواردنی ئامادەکراو پێشکەش بکرێت، دەبێت مۆڵەتی تەندروستی وەربگیرێت.

**ماددەی (١١): ڕێنمایی تەرخانکردنی زەوی بۆ نەمامگە**

**یەکەم :** پێویستە لە هەر شارێک چەند شوێنیک دەست نیشان بکرێت بۆ کۆمەڵگای نەمامگەکان کە ئەو شوێنانە دەکرێت بە ئاراستەی جیاواز و لە نزیکی دەروازە کانی شار و ڕێگە سەرەکیەکان بێت . وە نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەماهەنگی شارەوانی و لایەنە پەیوەندارەکان نەخشە بۆ ئەو ناوچانە ئامادە بکەن .

**دووەم :مەرج و ڕێکارەکانی تەرخانکردن :**

١- دیاری کردنی ڕوبەڕی نەمامگەکان لەسەر بنەمای پۆلینی نەمامگە و جۆر و بڕی بەرهەم دیاری دەکرێت .

٢- بەکرێدانی زەویەکە بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولک ومالّی دەولەت ژمارە (١ی سالّی ٢٠٢١) دەبێت.

٣- کرێگرتە پابەند بکرێت بە دەرهێنانی مۆڵەتی بینا لە شارەوانی پەیوەندار بۆ ئەو بەشانەی کە پێویستی بە بیناکردن هەیە.

٤- کرێگرتە لە ماوەی (٣مانگدا ) بەندەکانی ناو گرێبەستەکە جێبەجی بکات .

٥- نابێت کرێگرتە هیچ دروستکراوێک زیاد بکات و نابێت ( ایجار باطن ) بکات .

٦- ئەو بەشەی کە بۆ ئیدارە کردنی نەمامگەکە و وە ئەو هۆڵانەی بۆ پاراستنی جۆرەکانی گوڵ و نەمام دروستدەکرێت پێویستە بە شێوەی کاتی بێت و لەو ماددانە دروستبکرێت کە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت . ڕێژەی دروستکراوەکان لە (١٠%) ی ڕووبەری گشتی زەویەکە زیاتر نەبێت .

٧- بەڵێنامە لە خاوەن داوا وەربگیرێت کە بۆ هیچ مەبەستێکی تر زەویەکە بەکار نەهێنێت جگە لە نەمامگە وە هەر کاتێک شارەوانی پێویستی بە زەویەکە هەبوو بەبێ داواکردنی قەرەبوو زەویەکە بە جێ بهێڵێ .

٨-شارەوانی بەهەماهەنگی ئەندازەی پارک و باخچەکان سەرپەرشتی و چاودێری جێبەجی کردنی ناوەڕۆکی گرێبەستی نەمامگەکان دەکات .

٩- خاوەن نەمامگە ساڵانە جەردی نەمام و گوڵەکان بکات بەپێی ( ناو ، جۆر ، پۆلین ، سەرچاوە ) بەمەبەستی ئامار و سەرژمێری شارەوانی .

١٠- شورای نەمامگەکان گونجاوبێت لەگەڵ سروشتی دەورو و بەرەکەی و ڕیگر نەبێت لە مافەکانی هاتووچۆی دەوروبەری.

١١- ڕەزامەندی پلانسازی لە بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان وەربگرێریت .

١٢- ڕەزامەندی بەرێوبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ وەربگیرێت وبە هیچ جۆرێک ئاوی زۆنگاو بەمەبەستی ئاودان بەکار نەهێنرێت .

**سێیەم** : لە کاتی نەبونی ناوچەیەکی تایبەت بە نەمامگەکان دەکرێت سود لەو زەویانە وەربگیرێت کە لە نەخشە پەسەند کراوەکان وەک سەوزایی یان باخچە دیاری کراون یان بەم مەرجانەی خوارەوە :

١- ئەو سەوزایانە تەرخان دەکرێت کە لە لایەن شارەوانیەوە نەکراوەتە باخچە و هیچ چێنراوێکی لە سەر نیە . وە پێوستە شارەوانی پشتگیری بکات کە لایەنی کەم لەپلانی پێنج ساڵی داهاتوویدا نیە بۆ جێبەجێ کردنی

٢- ئەو سەوزاییانە تەرخان دەکرێت کە دەکەونە سەر شەقامە سەرەکییەکان نەک ئەو سەوزاییانە لەناو ماڵاندان.

٣- دەروازەی نەمامگەکە دەبێت لەسەر شەقامی سەرەکی بکرێتەوە نەک بە ئاراستەی زەویە نیشتەجێیەکان.

٤- ماوەی بەکرێدان لە نێوان (١ هەتا ٥ ) ساڵ زیاتر نەبێت .

٥- بەڵێننامە لە خاوەن داوا وەربگیرێت کە هەر کاتێک شارەوانی پێویستی بە زەویەکە بوو بەبێ داواکردنی قەرەبوو زەویەکە بە جێبهێڵێت .

٦- پێویستە تەواوی مەرج و ڕێکارەکانی هاتوو لە خاڵەکانی ( ١ هەتا ١٢ ) لە برگەی دووەم جێبەجی بکرێت .

٧- بۆ هەر بیست و پێنج مەتر دووجا لانی کەم یەک داری هەمیشەیی بچێنرێت.

**ماددەی (١٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (١٣):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و بەرزەفتە و نوسراوێکی پێشووتر ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

چاکسازی کردن لە سیستەمی پلانسازی و بیناسازی لە سەر ئاستی هەرێم، لە ڕێگای ڕێکخستنەوەی پرۆسەی ڕێپێدانی بینا و جێگیرکردنی بەرزەفتە و ڕێنمایی و ڕێساکانی بینا ( Code)، لە چوارچێوەی ئەرک و چالاکی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموارکراو

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**